# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی دووەم ژمارە (30) 15/6/2018

مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


# نابێ ڕێگە بدرێت حکومەتی ئایندەی عێراق، حکومەتی دابەشکاری قەومی و دینی و تائیفی بێت!


## مەلا مەزهەر سوکایەتی بە ژنان دەکات و دادگاش گوێ لە سکاڵای ژنان ناگرێت




مەلا مەزهەر، ناسراو بە مەزهەر خوراسانی، کە مەزهەری سوکایەتی و بێڕیزکردن بە ژنان و مافەکانیانە، لە کەناڵی سروشتەوە کە خۆی خاوەنیەتی و بە پشتیوانی دەسەڵات و ئەوقاف و بەلاشخۆری بەسەر کۆمەڵگەوە ئەو کەناڵەی کردۆتەوە، مینبەری مزگەوتی بۆ ئاوەڵایە... وەکو پیشەیی هەمیشەیی سوکایەتی و بێڕێزی بەژنان کرد و ڕایگەیاند کە ژنانی کوردستان "دایناسۆرن" و ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش "کۆمەڵە گا" لە بەرامبەردا بەشێکی زۆر لە ژنانی ئازدیخوازو لایەنگرانی ئازادی و مافەکانی ژنان و بەشێک لە ڕێکخراوە مەدەنیەکان، تورەیی خۆیان دەربڕی هەر لەو چوارچێوەیەدا، بەهار مونزیز هەڵسوراوی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان چ لە شاری هەولێر و چ سلیمانی هەولێدا داوای یاسایی لەسەر مەلای خوگرتوو بە بێڕێزی و سوکایەتیەوە، مەلا مەزهەر تۆمار بکات...بەڵام لەهەر دوو شارەکەو لە ژێر سایەی هەردوو دەسەڵاتدا، کەڕۆژانە بانگەشەی یاساپارێزی و سەروەری یاسا دەکەن... ئامادەنەبوون سکاڵەکە وەربگرن، کەچی گوێی بیستینی سوکایەتی بەژنان هەراسانیان ناکات...لە لاپەرە 2 دا دەقی سکاڵاکەی بەهار مونزیر دەخوێننەوە...

## لابردنی حیجابی زۆرەملێ دەسپێکی ڕێنێسانسێک دژ بە کۆیلەیی

### هەتاو عەبدولاهی



جل و بەرگ زمانی جەستەی مرۆڤە و هەموو مرۆڤێک خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی و کەس ناتوانێ ئەو مافە لە ئینسان زەوت بکات. لەوانەیە هیچ پرسێک وەکو حیجابی ژنان بۆ ئیسلام و لایەنگرانی ئەو ئایینە دژە مرۆڤە هێڵی سوور نەبێ. ساڵەهایە لە هەر وڵاتێک ئیسلام هەوڵی دامەزرادنی دەوڵەت وداگیرکردنی داوە بە حیجابی ئیسلامی ژنانەوە هاتووە و حیجاب بۆتە نیمادی ئەو ئایینە دژە مرۆڤە کە تەنانەت مافی ملکایەتی جەستە و جۆری پۆشش لە ژنان زەوت دەکات و کۆیلەییان دەکاتە پرسێکی ڕواڵەتی. چونکە حیجاب... بۆ لاپەرە 4

**ڕژێمی ناسیونال فاشیستی تورکیا، هێزی سەربازی تر لە ژێر ناوی لێدان لە تیرۆرو پەکەکە دەهێنتە کوردستان... حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە بەرامبەردا بانگەوازی خەڵکی کرێکارو ئازادیخوازو ستەمدیدە و مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخوازی جیهان و ناوچەکە دەکات کە دژ بەم دەستدرێژیەی حکومەتی تورکیا لەپاڵ خەڵکی کوردستانی عێراقدا ڕابووەستن .... ل ٣**



## G7یان گروپی حەوت (جی ٧) چییە؟ ل5

## وتەی ژمارە

لەچوارچێوەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوی عێراقی دوای هەڵبژاردنەکاندا، ئەم هەفتەیە هەردوو ڕەوتی شیعەگەرای سیاسی(فەتح و سائیرون) هاوپەیمانیتیەکیان پێکهێنا...

ئەم دوو ڕەوتە کە یەکێکیان هادی عامری بەرپرسی حەشدی شیعی"شەعبی" و موقەدا سەدری بەپرسی سوپای مەهدی پێشوو ڕەوتی سەدر ڕایان گەیاند، هەردووکیان دوو ڕەوتی کۆنەپەرستی تایفی، سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی شیعین. بەدوای ڕاگەیاندنی ئەو هاوپەیمانیەتەدا بێدەنگ هەردوو هێز و حزبی دەسەڵات بەدەستی کوردستان، پارتی و یەکێتی لەبەیانێکی هاوبەشدا پشێوازییان لەو هاوپەیمانیەتیە تازەیەی ڕەوتی سائیرون و فەتح کرد و هەردوولاش بڕیاریاندا، کە شاندی هاوبەش بۆ سەردانی لایەنەکان پێک بهێنن.

هەوڵی چرووپڕی بەشێک لە لایەنە سیاسیەکان، چ لە عێراق و چ لە ئاستی کوردستاندا، و پەلەکردنیان بۆ ئەوەی هەرچی زووە حکومەت لە عێراقدا پێک بێت، سەرچاوەکەی بۆئەوە دەگەرێتەوە کە دەیانەوێت هەرچی زووە دۆسیەی ساختەکاری و ئەو ڕەخنانەی شەقام داگر بووە لەسەریان، دابپۆشن و کایەی هەڵبژاردنەکان و ساختەکاری و سوتاندنی ئەنباری دەنگەکان، وەکو بەشێکی دانەبڕاو و چاوەڕوانکراوی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکان، بکەنە ڕابردوو، وە دیزە بەدەرخۆنەی بکەن.

ئەوەی لەو نێوەدا جێگای هەڵوێستەو رامانە، ڕۆڵی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەتایبەتیش یەکێتی و پارتییە، کە زۆر بەپەلە پێشوازیان لە ڕێکەوتنی ڕەوتی سائیرون و فەتح کرد و ئەو هەنگاوەیان بە ئەرینی دایە قەڵەم. پاساوی پێشوازی پارتی و یەکێتی لەو هاپەیمانیەتیە، ئەوەیە کە بەهەنگاوێکی دەزانن بۆ دەرچوونی دۆخی سیاسی عێراق، لەو ئەزمەو تەنگژانەی کە بەرۆکی بەعێراق گرتووە. دیارە ئەوە درۆیەکی ئاشکراو فریوکارییەکی بێ کۆتا نەزانانەیە. بۆ هەموو کەسێکی هوشیار ئەوە روونە کە یەکێتی و پارتی دەیانەوێ هەرچی زووە، فایلی ساختەکاری دابخرێت و هات و هاوار و ئاە و ناڵەی ڕەوتە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستان، بەوەی کە مەزلومن و فێڵیان لێکراوە، دابمرکێنەوە و ئەو برگە ناشیرینەش، تێپەڕێنن. وە دەیانەوێ بەشداری نەکردنی زوربەی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا، کە زادەی تورەیی و نارەزایەتیان بوون بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن! بشارنەوە. کە بەڕاستی گاڵتەجاری هەڵبژاردنی پوچتر لە پوچ کرد.

لەوەش ناشیرینتر ئەوەیە کە هەموو حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، پەلەیانە و دەست و دامێنی ڕەوتە دینی و قەومیەکانی عێراقن بۆ زوو سازدانەوەی حکومەت و پچرینی کورسی و بەشی سیاسی دەسەڵات و داهات و پۆست... وە هەر لایەنەیان دەیەوێت لە باڵانسی نێوان لایەنەکانی عێراق ڕۆڵ بگێرن و لە پاداشتی ئەو ڕۆڵەیاندا، بەشی زۆرتر بپچرن و ئەمەش لە کێبەرکێی ناوخۆی کوردستاندا، بکەنە سەرمایەی ململانێی سیاسی دەورەی داهاتوویان.

لە کەنار ئەو هەوڵە ناشیرنانەدا، کە حزبەکانی کوردستان دەیدەن، هیچ کام لەو حزبانە چ بە جیاو چ بە کۆمەڵ خاوەنی ئەجندایەکی سیاسی و هەڵگری هیچ پاکیجێکی ڕۆشنی سیاسی نین، تا لەبەرامبەر بە...

بۆ لاپەرە ٢

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* سیاسەتی کەمپسازی و ئایزۆلەکردنی پەنابەران کۆتایی پێ بهێنن...ل3
* سەری ئەم بۆگەناوە دابخەن.......................................ل5
* گرنگی هۆشیاربوونەوە بۆ ڕزگاری لەچەوساندنەوە.....................ل6
* لەگۆشەیەکی ترەوە.......................................................ل7
* هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان.........................ل9
* کێن ئەوانەی بێ ویژدانن...............................................ل10


**گۆشەی دیمانە لەگەڵ هەڵسوڕاوانی حەپ و کۆمۆنیستی زیندانی کراو... ل8**

**ڕاستییە تاڵەکانی ژیانی منالان بە ژمارە ل 4**



# نابی ڕێگا بدرێت دەوڵەتی فاشستی تورکیا کوردستان بکاتە مەیدانی جەنگ و نائارامی

چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەوڵەتی فاشیستی تورکیا، بە پاساوی " شەڕ لەدژی پەکەکە " هیزێکی سەربازی بە ژمارەیەک زرێپۆشەوە رەوانەی هەرێمی کوردستان کرد. هێزەکەی تورکیا بە قوڵایی ۳۰ کیلۆمەترو بە پانتایی دەیان کیلۆمەتر، لە چەند گوند و ناوچەی سەر بە قەزای سۆران و سیدەکان و بارزان، دەیان بنکەی سەربازییان جێگیر کردوەو بەپێی راگەیاندنەکانی دەوڵەتی تورکیا ئامانجی ئەو هێزە هێرشکردنە بۆسەر پەکەکە لە قەندیل.

بەهۆی ئەم لەشکرکێشیەوە، دانیشتوانی گوندەکان لەبەر مەترسی بۆردومان و هەڵگرساندنی شەڕ، ناچار بوون ماڵو حاڵیان جێبهێڵن و ئاوارە بوون. بەڵام ئاکامە زیانبارەکانی ئەم ملهوڕی و لەشکرکێشیەی دەوڵەتی تورکیا، هەر بە کوشتار و تێکدانی ماڵوحاڵی خەڵکی ئەم ناوچانە تەواو نابێت، بەڵکو دەبێتە هۆی داسەپاندنی فەزای جەنگ و میلیتاریزم بەسەر کوردستان لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، ڕاکێشانی خەڵکی کوردستانە بۆ ژێر سایەی داگیرکاری و دەستدرێژیە سەربازیەکانی دەوڵەتێکی فاشیست، کە لەناوخۆی وڵاتەکەیدا ئەوپەڕی سەرکوت و کۆنەپەرستی دژ بەهاوڵاتیانی ژێردەستی پەیڕەو دەکاو زیندانەکانی لە نەیارانی خۆی سیخناخ کردووە و بەئاگرو ئاسن وەڵامی خەڵکی ناڕازی دەداتەوە.

ئامانجی ئۆردوگان، ئەم سەرکردە دیکتاتۆرەی دیموکراسی بۆرژوازی تورکیا و ئەم ڕیفۆرمخوازە ئیخوانیەی ناسیۆنال ئیسلامی، لەم لەشکرکێشی و سیاسەتە جەنگخوازیەیدا، کە ئەمجارە سەلامەتی و ئارامی خەڵکی کوردستانی عێراقی لەپاڵ کوشتارو کاولکاری و دەستدرێژیە سەربازیەکانی بۆسەر ناوچەی عەفرین و مەنبیج لەسوریا کردۆتە دەستمایەی خۆی، بۆ خۆدەربازکردنە لەقەیرانی ناوخۆی دەسەڵاتەکەی و بۆ ئەوەیە جارێکیتر لەهەڵبژاردنەکاندا، جڵەوی دەسەڵات بگرێتەوە دەست و ئەوە نیشان بەشەکانی بۆرژوازی و چینی دەسەڵاتداری تورکیا بدات، کەهێشتا توانای ڕاگرتنی حکومەت و پایەکانی دەوڵەتی هەیە.

گومان لەوەدا نیە کە ئەم لەشکرکێشی و پاوانخوزیەی دەوڵەتی تورکیا بەبێ ئاگاداری و ڕێکەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا لەتوانادا نیە. هەردوو ئەم دەسەڵاتە دژە خەڵکیەش بەخۆگونجاندن و پێشکەشکردنی تەنازولات لەفەزای سیاسی لیخنی ناوچەکەدا کەوتونەتە شوێن بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی خۆیانەوە، بۆئەمەش ئامادەن ژیان و ئارامی و سەلامەتی هاوڵاتیانی ژێردەستیان لەهەر سەوداو مەمەڵەیەکی ئاشکراو ژێربەژێردا، هەراج بکەن!

بێگومان ئەم لەشکرکێشیەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر کوردستانی عیراق، لەدرێژەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و سەربازیەکان وجێگاو ڕێگای هێزە ئیمپریالیستەکان و هێزە ناوچەییەکان، لەپەیوەند بەجەنگ لەسوریادا هاتۆتەکایەوە. دوای ملدانی ئەمریکا بەجێگیرکردنی هیزە سەربازیەکانی تورکیا لەمەنبیج، ڕۆڵی تورکیا لەسوریاو عێراق و کوردستاندا، کراوەتە فاکتۆرێک بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی ئێران لەناوچەکەدا لەلایەک و بەرگرتن بەڕۆچوونی زیاتری دەوڵەتی تورکیا بەرەو کەمپی ڕوسیا لەلایەکی دیکەوە، بەجۆرێک کە بەقازانجی ئەمریکاو راستکردنەوەی لاسەنگی هێزی لەئاست ناوچەکەدا بێت. راکێشانی هێزی سوپای تورکیا بۆ سەر شوێنگەی ژیان و کاری خەڵکی مەدەنی چ لەکوردستان چ لەسوریا، بەشێکە لەم ئامانجە گلاوەی ئەمریکا لەئاست ناوچەکەدا.

ئەم ملهوڕی و لەشکرکێشەیەی دەوڵەتی بۆرژوا فاشستی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و دەبێ دەستبەجێ هەرێمی کوردستان جێبهێڵن. پێویستە خەڵکی کوردستان داوای کشانەوەو چونە دەرەوەی هێزەکانی تورکیا بکەن و فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم و عێراق و دامودەزگا نێونەتەوەییەکان بەمەبەستی کردنە دەرەوەی ئەم هێزانە. دەبێ سیاسەتی چەپەڵی بەرژەوەند خوازانەی ئەحزابی دەسەڵاتدار لەکوردستان کەژیان و ئەمنیەتی خەڵکیان کردۆتە کاڵایەک بۆ سات و سەدوا لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا، ڕیسواو سەرکۆنە بکرێ.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی خەڵکی کرێکارو ئازادیخوازو ستەمدیدە و خەڵکی مرۆڤ دۆست و پێشکەوتنخوازی جیهان و ناوچەکە دەکات کە دژ بەم دەستدرێژیەی حکومەتی تورکیا لەپاڵ خەڵکی کوردستانی عێراقدا ڕابوەستن. شان بەشانی جالیەی کوردی بەردەم باڵوێزخانەکانی تورکیا بکەنە مەیدانی دەنگ هەڵبڕینی ناڕەزایەتی و دانانی سنورێک بۆ حکومەتە فاشستەکەی ئەردوگان.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**8/6/2018**

# سیاسەتی کەمپسازی و ئایزولەکردنی پەنابەران کۆتایی پێبهێنن"
# نارەزایەتینامەی فیدراسیۆن بۆ رۆژی جیهانی پەنابەران

٢٠ حزەیزانی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانی پەنابەرانە، کە لەلایەن ریکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە لە ساڵی 1951 وە بە"رۆژی جیهانی پەنابەران" ناسراوە. ئەم رۆژە لەسەراسەری دنیا لەلایەن رێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافەکانی پەنابەرانەوە بەرز رادەگریت. ئەگەر چاوێک بە ئالۆگۆرەکان و روداوەکانی ئەم چەند ساڵە بخشێنین... لێشاوی گەورەی هەلهاتوانی دەستی جەنگ و نائارامی، پیشێلکردنی مافەکانی پەنابەران وپەیرەویکردن لە سیاسەتێکی سەراسەری لەدژی پەنابەران کە لەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران و زەخت وگوشارهێنان بۆیان دەبینین. توندکردنەوەی سنورەکان و چاونوقاندن لە ئاستی تراژیدیای مەرگی بەکۆمەلی پەنابەران و لیگرتنەوەی پێداویستیەکانی ژیان و زیندانیکردن و راگرتنی سالانێکی زۆر لەکەمپی پەنابەری و ناچاکردنیان بە خۆکوشتن، روداوگەلێکی دڵهەژێنن. پەنابەران رووبەرووی نەخۆشی دەرونی و بەناچار سپاردنی چارەنوسیان بەچەندین دەستە تاقمی چەکداری و حکومەتی کە شتیکیان بۆ کۆمەڵگەکانیان پێ نییە جگە لەسەرکوت کوشتن ومالویرانی ئاوارەی ودەربەدەری نەبێت. هەموو ئەو مەگەساتانە گۆشەیەکی واقعی بەڵام تاڵمان نیشان دەدات، کە ئەم حکومەتانە لەسەرو هەموو پیوانە نیودەوڵەتیەکان و بریارنامەیەک کە خۆیان ئیمزایان لیداوە لەبارەی مافەکانی پەنابەرانەوە، ژێر پێدەنێین.

ئەمرۆ 67 ساڵ بەسەر جارنامەی مافەکانی پەنابەراندا تێپەر دەبێت، بەڵام دەبیینین هێشتا دیاردەی پەنابەری بەشێوەیەکی بەرفراوان بەردەوامەو درێژەی هەیە، لەژێر سایەی کیشمەکیشی و پیشبرکێی ئینسانکوژی دەولەتە زلهیزەکانی دنیا و هاوپەیمانە ناوچەیەکانیان لە دەستەوتاقمی کۆنەپەرستی قەومی و ئاینی و تایفیەکاندا، تەنها لە پێناو باڵادەستی و کەڵەکەی سەرمایەو دزینی دەستی کاری هەرزانی چینی کرێکاردا، ژیانی ملیۆنەها ئینسانیان خستۆتە تونێلی جەنگ و کوشتار و نائارامیەکی سەرسورهێنەرەوە. ئەمرۆ بەشێکی بەرینی دنیا شانۆی جەنگ و کوشتاری بەکۆمەل وتراژیدیا و کردەوەی تیرۆریستی وتەقاندنەوەو داباراندنی بۆم و وێرانکردنەی شوێنی کارو ژیانی ئینسانەکانە... بەو هۆیەشەوە شەپۆلی راکردن لەدەست جەنگ و نائەمنی، ئۆردوی راکردوان و ژیانی پەنابەرێتی ناچاری کردۆتە دێوەزمەی سەر ژیانی بەشیکی بەرین لە خەڵکی هەژارو نەدار.

هەر لەم ولاتانەی ئەوروپایانەی کە خۆیان بەلانکی دیمکراسی مافی مروڤ لە قەلەم دەدەن، مافەکانی پەنابەران کە بەرهەمی خەباتی خەلکی کریکارو زەحمەتکیشەو بە خەباتی ئەوان بەدەستهاتوە دەیان هەزار ئینسان مافی خویندن وکارکردن وهاتوچۆیان لێ قەدەغەیە. هەزاران پیاو ناچار بەکاری قورس لەکێڵگە وبیناسازی و شەوکاریدا کردووە. هەزاران ژن لە کاری نێو ماڵ ولەشفرۆشی تێوەگلاون و سەدان منالٔ هیچ ناسنامەو مافێکیان نییە. بە دەیان ئینسان تەمەنی هەرەتی لاویتیان لە گرتوخانە دەستبەسەرکان بەسەر دەبەن وەیان توشی نەخۆش دەرونی هاتوون یان لەگەل سیاسەتی دیپۆرتکردنەوە بەرەو روون. جگە لەوانە مەیلی رەگەزپەرستی و هەلاواردن وبیرێزی بەئینسانی پەنابەر لەلایەن بالی راستی ئەم حکومەتانەی ئەوروپاوە پەرەی پیدراوە، و تەنانەت دەکرینە کەرەسەی داشکاندنەوەی قەیران و کیشمەکیشەکانی بالەکانی نیو دەسەلات و پەلامارو هیرشە ڕاسیستی و فاشیستیەکان.

هەوال و راپۆرتی ئاژانسە مرۆییەکان پرن لەو پێشلکاری و توندوتیژیانەی کە لە کەمپەکان دژی ژنان و منالان و هاوسەرگیری منالان و گیچەلی سیکسی و لەشفرۆشیەک کە رووبەرووی پەنابەران دەبیتەوە، جگە لە نەبوونی کەمترین ستانداری سەلامەت ئاسایش تیادا، هەر لە راپۆرتی رێکخراوی نیودەولەتی کۆچ (IOM)دا هاتوە: لەسەرەتایی سالی 2018 تائیستا واتە لە 91 رۆژدا 14651کەس بە رێگای دەریایی گەیشتونەتە ئەوروپا وە 498 پەنابەر خنکاون لەسەدا 42 لەرێگای ئیتالیاوە بووە، هەروەها ئەو ریژەیەی تر لە رێگای ئیسپانیا، یۆنان، قوبرسەوە بووە. ریکخراوی نیودەولەتی کۆچ دەلێن"لەسەرەتای ئەمساڵەوە 33 هەزارو 400 کۆچبەر لەرێگەی دەریای ناوەڕاستەوە گەیشتونەتە وڵاتانی ئەوروپا، لەسەرەتای ئەمساڵەوە 785 پەنابەر لە ئاوەکانی دەریای ناوەڕاستدا خنکاون یان بێسەروشوێن بوون و 45 پەنابەریان لە سنوری ئاوەکانی نێوان یۆنان و تورکیادا خنکاون یان بێسەروشوێن بوون.

بەپێی ئاماری رێکخراوەکەمان فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران عیراقی لە ئەیلویلی 2017وە 30 تەرمی پەنابەران کە 26 لەدەریا خنکاون بەشیکیان بەهۆی سەختی ژیانی پەنابەرییەوە خۆکوژیان کردوە تەرمەکانیان نیراوەتەوە هەرێمی کوردستان، جگە لە گێرانەوهی 287 پەنابەر کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دیپۆرتی سوریا کرانەوە زۆربەیان هاولاتی هەریمی کوردستان بوون.

فیدراسیۆن سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەروانگەی سروشتی ئینسانیەوە، مافەکانی ئینسان، بێگویدانە ناسنامە قەومی و دینی و تایفی و رەگەزییەکان، بە جیهاندگر دەزانیت و بەرەسمیان دەناسێت. فیدراسیۆن مافەکانی پەنابەران بە سەرەتایترین مافیک دەزانیت کە پیویستە پەنابەران لێی بەهرەمەندبن، پیویستە بوار بۆ خەلاقیەت و توانای ئینسانی بدریت و کۆتایی بەسیاسەتی ئایزۆلەکردن وکەمپسازی پەنابەران بهێنرێت. فیدراسیۆن ویەکیتی ئەوروپا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەرپرس دەکات بەرامبەر ئەو توندوتیژی وپیکدادان و وپەلاماردانی پەنابەران کەیەخسیری ژیانی ئاوارەیی وکەمپن وداوای مافی پەنابەری و هاولاتی بوون وگویزانەوەیان بۆ نیوکۆمەلگە ئەوروپیەکان دەکات.

هاوکات بانگەوازی بەرەی ئازادیخوازی ومەدەنیەتی کۆمەڵگە و دونیای شارستانیەت و ئینسانی و هیزی ملیونی چەپ وکرێکاران و ئازادیخوازن دەکات کە کۆمەڵگە بەقازانجی گێرانەوەی ئەمنیەت و پیکەوە ژیان و تۆرانس ڕێک بخاتەوەو پەرچەمی خەبات لەپێناو مافی هاولاتی یەکسان و بەرگری لە مافی هەڵهاتن وئەمنیت وحورمەتی ئینسانی پەنابەر بلند ڕابگرێت.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی لەرۆژی جیهانی پەنابەراندا ئەم نارەزایەتیننامەیە بەرووی ئیمزاکەرانی لائیحەی مافەکانی پەنابەران بەرز دەکاتەوە:

پیویستە دەستبەجێ کۆتاییبهێنرێت بەسیاسەتی راگرتنی پەنابەران وئاوارەی جەنگ لە کەمپەکانی ئاوارەکان وئایزولەکردنیان لە ژیانی شاری وگویزانەوەیان بۆ کۆمەڵگەی ئارام وشایستە بە ئینسان.

2- پیویستە حکومەتەکانی ئەوروپا و ئەو ناوچانانەی پەنابەرانی پیادەپەڕنەوە بەپەلە ناچاربکرێن سنورەکانیان بەرووی پەنابەراندا بکەنەوەو دیوارە دڕکاویەکانی سنوریان هەڵگرن، تا پەنابەران ناچارنەکرین ڕیگای سەختی دەریاکان ودارستانە چڕەکان بگرنەبەر.

3- پێویستە حکومەتەکانی ئەوروپا ناچاربکرێن ئەورێککەوتننامانەی کە لەگەڵ تورکیا ویۆناندا بەدژی پەنابەران و بۆ ریگەگرتن ودیپۆرتکردنەوەیان مۆریانکردووە، هەڵبوەشێننەوە.

4- ئەو پەنابەرانەی بێسەروشۆێن و کەسوکاریان عەودالّی دۆزینەوەیانن، حکومەتەکانی ئەوروپا و ئەو ولاتانەی پەنابەرانیان پیا تیپەردەبێت ناچاربکرێت بە بەدوا داچوون بکەن بۆ دۆزینەوەی ونبووەکان.

5- دەستبەجێ لەگرتوخانە دەستبەرە پەنابەریەکاندا ئازاد بکرێن.

6- کۆتایهینان بە جەنگ و دەخالەتی سەربازی و میلیتاریزمی ئەمریکاو غەرب لەلایەک و روسیاو چین و حکومەت و ئەوهیزو دەسەلاتانەی بەسەر ئەم دوو بەرەیەدا دابەش بوون. لە ولاتەکانی خۆرهەلاتی ناوەراست وباکوری ئەفریقا.

7 - پێویستە دەولەتانی ئەوروپا و غەرب ناچاربکرێن بەدەست هەڵگرن لەسیاسەتی دەخالەت و پشتیوانی لەدەستەو تاقم و حکومەتە سەرکوتگەرەکان کەخەڵکی ئەو کۆمەڵگەیانەیان لەگەڵ جەنگ و پشێوی کۆمەڵایەتی و نائارامی و برسێتی بەرەو رووکردۆتەوە. بەندو بەستەکانی لەگەل ئەوانەدا هەلبوەشیننەوە.

8- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ کاروباری پەنابەران لەو ولاتانەی لە ئیستادا لەگەل جەنگ و کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەلایەتی بەرەوڕوون، چالاکبکرین بۆ بەهاناوە چوونی ئاوارەکان و پەنابەران و لەوڕێگایەوە حکومەتەکانی ئەوروپا ناچاربکرێن بۆ داننان بەمافەکانی پەنابەران وهاوکاری ئاوارەکاندا وگۆێزانەوەیان ..

9-. دابینکردنی ئیمکانیات و پیداویستی گونجاو بە شێوەیەکی پلان دارێژراو و بە مەبەستی هەرچی زووتر جێکەوتنی پەنابەر وکۆچبەران لەنیو ئەو کۆمەڵگەیانەی هانای بۆدەبەن و بەهرەمەندبوونیان لە هەموو پێداویستیەکی فەردی و کۆمەڵایەتی وئابووری بەشیوەیەکی یەکسان.

10. بەڕەسمیەت ناسینی مافی پەنابەری بۆ هەموو ئەوانەی کە وەک پەنابەری سیاسی بەهۆی جەنگ ودەعوای قەومی و مەزهەبی وەیان بەدەلیلی جنسی لەشۆێنی ژیانی خۆیان هەڵکەنراون و هاوکاریان بۆ دەستپیکردنەوەی ژیانی ئاساییان.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بێوچان ڕۆڵی خۆی لەپێناو هەلوەشاندنەوەی سیاسەتی کەمپسازی و و دژبە راگرتنی پەنابەران لە گرتوخانە دەستبەسەرەکان و دیپۆرتیان و لەدژی راسیزم و جیاکاری و کویکەکردنی ئینسانەکان ومافی هاولاتی یەکسان تیدەکوشیت، هاوکات بۆ بەرگریکردن لەم نارەزایەتیەنامەیە بەتەواوی تواناوە بەردەوام دەبێت ودڵنیایە لەم ریگەیەدا تەنها نییەو ریکخراوەکانی داکۆکیکار لە پەنابەران بانگەواز دەکات بۆ پشتیوانیکردن لەم نارەزایەتینامەیە.

**فیدراسیۆن سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**
**12/6/2018**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی....لابردنی حیجابی زۆرەملێ دەسپێکی ڕێنێسانسێک دژ بە کۆیلەیی

گرینگیەکی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی بۆ ئایینی ئیسلام و لایەنگرانی هەیە. ئەوەی جێگای سەرسورمانە تەنانەت شێوە و پۆشینی حیجاب و داپۆشتینی جەستەی ژنان جۆری تایبەتی نییە، بەڵکو بە سەرنج دان بە بارودۆخ و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەلایەتی ناوچەی جوگرافیایی شێوەی جل و بەرگ گۆڕاوە و لەو دوایانەدا کە ئیسلامی سیاسی باڵی بەسەر بەشێک لە وڵاتان دا کێشاوە حیجاب ڕەنگ و ڕواڵەتێکی مەترسیداری بە خۆیەوە گرتووە. چالاکانی ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەب لەسەر ئەو بڕوایەن کە حیجاب مانای کۆیلەیی ژن دەگەیەنێ و جەستەی ژن دەکاتە ئەبزارێکی جنسی و هەڵخرێنەری هەستی سێکسی پیاو و دەبێ ئەو جەستە بە حیجاب داپۆشرێ. بۆیە ساڵەهایە هەوڵ بۆ لابردنی حیجاب دەدەن و ڕەخنەگرن لەو دیاردە قیزەونە دەگرن. حیجاب نەک سوکایەتی تەنیا بە ژنان بەڵکوو سوکایەتی بە پیاوانیشە چونکە ئەوان وەکوو تاکێکی نەفس نزم نیشان دەدات کە مێشکیان لەناو گەڵی ژن دایە و هەردەم بیر لە دەستدرێژی و ئازاری ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگە دەکەنەوە. هەروەها هەردەم هەوڵ بۆئەوە دراوە کە ژنان دەبێ خۆیان هەوڵ بۆئەوە بدەن کە لە ڕوانینە دەستریژی کارانە خۆ بپارێزن و ڕێگا چارەشیان کۆیلەیی و حیجابی ئیسلامیە، ئایینێک کە تاسەر ئێسقان هەوڵ بۆ کۆیلەیی و بێ مافی ژن دەدات و ژن لە ڕوانگەی ئەو ئایینەوە تەنیا ئەبزاری سێکسی و کالای جسنیە. ساڵەهایە ئیسلام باوەری خورافە لەناو خەڵکدا بەرهەم دەهێنێ و پڕوپاگەندە بۆ حیجابی ژنان دەکات، بەلام لە بارودۆخی ئێستادا کە خەڵک وشیاری زیاتری هەیە بەتایبەتی جیلی نوێی ئەو باوەرانە کاڵ بووەتەوە و ئیسلام و باوەرمەندانی ئەو ئایینە ئەوە بە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەزانن. ئەگەر چاو خشاندێکمان هەبێ بۆسەر وڵاتانی ئیسلامی و ئەو شوێنانەی کە ڕێژەی لایەنگرانی ئەو ئایینە قیزەونە پەرەی سەندووە حیجاب بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدارتر خۆی دەردەخات و ڕۆژانە پڕوپاگەندە بۆ کۆیلەیی زیاتری ژنان دەکرێ. هەوڵدان بۆ سەپاندنی حیجابی ئیسلامی و دژایەتی لەگەل سەرەتاییترین مافەکانی ژنان ساڵەهایە لە هەموو ولاتێک بە تایبەتی وڵاتانی ئیسلامی بەرێوە دەبردرێ، بەلام ئەوەی خاڵی پۆزێتیڤی ئەو پرسەیە کۆڵنەدانی ژنان و ملکەچ نەبوونیان لە بەرامبەر جیجاب و بێ مافیانە، تەنانەت لە ناو دڵی وڵاتانی ئیسلامی دا کە نمونەی هەرە بەرچاوی دەتوانی باس لە ژنانی ئێران کە بە ژنانی شەقامی شۆڕش ناسران و دەیان ژنی وەک عولیا ماجدە بکەین کە چۆن نایان بە کۆیلەیی ژنان وت و هەموو تابۆکانیان شکاند. ساڵەهایە لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی ئیسلامی ئێران، ژنان بە هەر بیانوویەک کە بۆیان لوابێ نا یان وتووە بە حیجابی ئیسلامی. ئەو ڕەوتە هەر لەسەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێران دەستی پێکرد کە دەتوانین باس لە خۆپێشاندانی پەنجا هەزار کەسی ژنان دوای بە لارێدابردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لەلایەن حاکمانی تاریکیەوە بکەین. ساڵەهایە لە ئێران ژنان بە تاوانی نەبوونی پۆششی ئیسلامی دەگیرێن و حوکم دەدرێن کە ئەو ڕێژە خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدات و سەرانی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژ بە ڕۆژ پێداگرترن لەسەر پرسی حیجابی ئیسلامی، بۆیە ئەوە نیشانەی گرینگیی حیجاب بۆ کۆیلەیی ژن و کشانەوەیان لە پرۆسەی سیاسی و ئابووریە و کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەستی بەو پرسە کرد و حیجابی ئیسلامی لە ڕێگای ئەو ؛ یاسایی نیهادینە کردەوە. پەیوەندی حیجابی ئیسلامی و هەڵاواردنی ڕەگەزی وهێزی سیاسی هەردەم بۆ چالاکانی بزوتنەوەی ژنان و بزوتنەوەی بەرابەریخواز یەکێک لە سەرەکیترین پرسەکان بووە و چالاکانی ئەو بوارە بەردەوام لە هەوڵدان بۆ لابردنی کۆیلەیی ژنان لەرێگای حیجابەوە. لە وڵاتانی ئیسلامی حیجاب نیشانەی داسەپاندنی هێز لەرێگای کۆنترۆلی سکسوالیتە و جۆری پۆششی ژنان وەک سیمبولی بایەخەکانی بونیاتگەرایی ئیسلامی خۆی دەردەخا. حیجابی زۆرەملێ پرسێکی ڕواڵەتی لەلایەن لایەنگرانی ئیسلام نەبوو، بەڵکوو ئەبزارێک بوو بۆ سەرکوتی ژنان کە هەموو ئەو لایەنانەی دەگرتەوە وەکوو حیجابی زۆرەملێ، هەلاواردن و جیاکاری ڕەگەزی، پێناسەکردنی ڕۆلی ژن لەرێگای ئەخلاقیاتی ئیسلامی وەک ڕۆڵی مناڵداری و ماڵداری و هاوسەرکە دەبێ ملکەچی بڕیارەکانی پیاو بێ و هەموو دەسەلاتی لە ژێر دەستی پیاو دایە، بۆیە دەتوانین بڵێین حیجاب گەورەترین مەترسی بۆسەر کەرامەت و ئازادی ژنانە. ئەوەی دەمانەوێ لە دوو تۆیی ئەو بابەتەدا باسی بکەین لابردنی حیجابی زۆرەملێ لەلایەن ژنان لە سەرتاسەری جیهانە، کە تەنانەت لە وڵاتانی ئیسلامی کە ئایینی دژە ژنی ئیسلام تێدا بەرێوە دەبردرێ و حیجاب یاسایی کراوە، ژنان بە بوێری و نەترسیەوە حیجاب لەسەر خۆیان لادەبەن و نا دەلێن بە کۆیلەیی ژنان و ئەو ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە پەرە دەستێنێ و بۆتە مەترسیەکی جیدی بۆسەر حاکمانی ئیسلام و لایەنگرانی. هەر چەند ساڵەهایە ژنان لەبەرامبەر حیجابی ئیسلامی تەنانەت لە ناو دڵی وڵاتانی ئیسلامی دا وێستاون و تابۆ شکێن بوون، بەلام دیاردەی لابردنی حیجاب لە بارودۆخی ئێستا و بەو بەربڵاویە ڕەنگ و ڕواڵەتێکی تری هەیە. ژنان بە بوێریەوە بە لابردنی حیجاب بە شێوەیەکی ساختار شکێن دژ بە یەکێک لە نیماد و سەمبۆل و ئەرزشەکانی ئیدئۆلۆژیکترین ئایینی سەردەم ڕاوەستاون. پرسێک کە هەموو شەرعیەتی ئیسلام و ئەو ئایینە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەوڵی چالاکی ژنان لە راستای لابردنی حیجابی زۆرەملێ و دژکردەوەی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگەیە بە ساڵها کۆیلەییان لەلایەن ئایینی ئیسلامە، ئایینێک کە تەنانەت مافی هەناسەکیشان لە ژنان زەوت دەکات. هەنووکە ئیتر نە هەرەشەکانی لایەنگرانی ئیسلام و تەنانەت خودی حاکمانی وڵاتانی ئیسلامیش ناتوانێ ژنان لەو ئامانجەیان پاشگەز بکاتەوە. حیجابی زۆرەملێ یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی ئیندئۆلۆژی و ساختاری سیاسی ئیسلامە کە ژنان خستیانە ژێر پرسیارەوە و دەولەتانی ئیسلامی و لایەنگرانی ئەو ئایینە بە هەموو هێز ئێستاکە ئیتر ناتوانن لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە ڕاوەستن، ڕەوتێک کە بووە بە دیاردەیەک لە سەرتاسەی جیهان. ڕەوتێک کەبووە بە مەترسی بۆسەر داعش و حکومەتە داعشیەکانی جیهان، کە وەک نمونە دەتوانین باس لە وڵاتانی عەرەبی و ئێران بکەین. داعش و هەموو هاوبیرەکانی پێناسەی ژن لە هێزی سیاسی و بیر و هزر و نەترس بوون و کەرامەتیان نابینن، بەڵکوو پێناسیان بۆ ژن ئەبزاری جنسی و ڕوانگەی ملکایەتی پیاو بەسەر ژنە. ژنان بە لابردنی حیجابی زۆرەملێ حەرەکەتێکیان دەست پێکردووە کە مێژووسازە و لە داهاتوو دا گەورەتر دەبێتەوە و وەک ئاماژەیەک بۆ کۆیلە نەبوونیان و سەرکەوتنیان لە بەرامبەر ئیسلامە. هەنووکە ئیتر ژنان بەلابردنی حیجابی زۆرەملێ لە دەسپێکی ڕینێسانسێکی گەورە و مێژوویی کە لەحاڵی شکلگرتن دایە و، سەرتاسەری جیهانی تەنیوە دەیانەوێ ئەو پەیامە بە گوێی جیهانیان و حاکمانی ئیسلامیدا بدەن، کە چیتر کۆیلەیی قبول ناکەن و دەیانەوێ بەو شێوە بژین کە خۆیان دەیانەوێ و کەرامەت و مافی ئینسانیان پێخوست نابێ، نەک ئەخلاقیاتی ئیسلامی هەروەها دەیانەوێ ئەو پەیامە بگەیەنن کە سەرکوت و کوشتن و بڕین ئەوان لە ئامانجەکەیان پاشگەز ناکاتەوە بۆیە پشتیوانی لەو ئامانجەی ژنانیش ئەرکی سەرشانی هەموو چالاکانی ئازادیخواز و بەرابەریخوازە.

# بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی کاری منداڵان لە ١٢ی حوزەیران

## ئامادەکردنی/ ئاراس ڕەشید



ڕاستیەکان بەژمارە:

- ٢١٨ ملیۆن منداڵ لەسەرتاسەری دنیا کاردەکەن، کە تەمەنیان لە نێوان ٥-١٧ ساڵە. ١٥٢ ملیۆنیان قوربانی کاری منداڵانن. ٧٣ ملیۆنیان، واتە نیوەی زیاتری لەکاری ترسناک کاردەکەن.
- نیوەی کاری منداڵان( ٧٢,١ملیۆن) لە ئەفەریقادایە؛ ٦٢,١ لە ئاسیا و ئۆقیانوسی ئارام؛ ١٠,٧ ملیۆن لە هەردوو ئەمەریکادان؛ ١,٢ ملیۆن لە وڵاتە عەرەبیەکاندان، ٥,٥ ملیۆن لە ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاستدان.
- لەهەر ٥ منداڵ ١ مندال لە ئەفەریقا کاردەکات (١٩,٦%)، لەکاتێکدا ڕێژەکە لە ناوچەکانیتر لە بەینی ٣%و٧% و ٢,٩% لە وڵاتانی عەرەبی (١مندال لە هەر ٣٥ منداڵ)؛ ٤,١% لە ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست(١منداڵ لە ٢٥منداڵ)؛٥,٣% لە هەردوو ئەمەریکا(١ لە ١٩ منداڵ)؛ ٧,٤% لە ئاسای و ئۆقیانوسی ئارام( ١ لە ١٤ منداڵ)
- نزیکەی نیوەی منداڵەکان کە ژمارەیان دەگاتە ١٥٢ ملیۆن منداڵ، کاری منداڵان تەمەنیان لەمابەینی ٥-١١ سالدان. ٤٢ ملیۆن(٢٨%) تەمەنیان لە نێوان ١٢-١٤ ساڵاندایە؛ ٣٧ ملیۆن(٢٤%) تەمەنیان لە بەینی ١٥-١٧ ساڵاندایە.
- ترسناکترین کاری منداڵان لە تەمەنی ١٥٠١٧ ساڵاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی چارەکی کاری ترسناکی منداڵان ( ١٩ملیۆن منداڵە) تەمەنیان لەژێر ١٢ ساڵی دایە.
- لە نێوان ١٥٢ ملیۆن منداڵ کە کار دەکەن، ٨٨ ملیۆنیان کوڕن و ٦٤ ملیۆنیان کچن.
- کارکردنی منداڵان بە پلەی یەک لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندایە (٧١%)، ڕاوە ماسی و دارستانەکان و پەروەردەی پەلەوەر و گیاندارە ئاوییەکان دەگرێتەوە، هەروەها بەرووبوومی کشتوکاڵ و بازرگانی کشتوکاڵ دەگرێتە خۆی ١٧% بەرووبووم و ١٢% لە کەرتی پیشەسازی کە کانەکانیش دەگرێتەخۆی.
- ٥٨%ی منداڵان کە کاری منداڵان دەکەن و ٦٢%ی سەرجەم منداڵان لە کاری ترسناک لە کوڕانن. وا دەردەکەوێت کە کوڕان زیاتر ڕووبەڕووی کاری ترسناک دەبنەوە لە کچان بەهۆی کاری منداڵان، بەڵام ئەوە ڕەنگە بەهۆی ئەوەبێت کە کاری کچان بەتایبەت کاری نێوماڵان کەمتر ڕاپۆرت بکرێن.

سەرچاوە/ http://www.un.org/ar/events/childlabourday/bckground.shtml

بۆپێشەوە

دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوە کرێکاران و زەحمەتکێشانە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا.
لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لە پەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوە.. bopeshawa@gmail.com
ماڵپەری بۆپێشەوە www.bopehsawa.net

# G7یان گروپی حەوت (جی ٧) چییە؟

## ئامادەکردنی: شوان عەزیز

جی ٧ واتە گروپی حەوت. گروپی ٧ بەو حەوت دەوڵەتە گەورەیە دەوترێت کە لە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە بە پێشکەوتوترین و بەهێزترین دەوڵەتی جیهانی دەناسرێن. ئەو دەوڵەتانەش بریتین لە **کەنەدا، ئەمەریکا، بەریتانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، ئەڵمانیاو یابان.** ئەو حەوت دەوڵەتە گەورەیە بە حەوت دەوڵەتە گەورە پیشەسازیەکەی جیهان ناسراون. بە هەر حەوتیان لە ٦٢٪ی تەواوی سەروەت و سامانی جیهانیان لەژێردەستایە.

**پێشینەیەکی کورتی پێویست لەسەر جی ٧**

لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێک کە کێشەی نەوت و بەرزی نرخی نەوت هاتەکایەوە دەوڵەتانی گەورەی پیشەسازی ئەو کات گروپی شەش دەوڵەتیان پێکهێنا بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانە ئابوریەکانی جیهاندا. ئەوکات ئەو دەوڵەتە گەورە پیشەسازیانە بریتی بوون لە : **فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، یابان، بەریتانیا و ئەمەریکا**. ئەو کات بۆ ماوەی ساڵێک ناوی ئەو گروپە بریتیبوو لە گروپی شەش. ساڵێک دوای ئەوە واتە لە ساڵی ١٩٧١ دا، **کەنەدا** هاتە ناو گروپەکەوە، و ئیتر ناوی گۆڕا بە گروپی حەوت. وە لە ساڵی ١٩٩٨ **ڕوسیا** هاتە ناو گروپەکەوەو ناوی گروپەکە بوو بە گروپی هەشت، بەڵام دوای ئەوەی کە **ڕوسیا** کرامیەی(ناوچەیەکە لە ئۆکرانیا) لکاند بە ڕوسیاوە، لە مارسی ٢٠١٤ ئیتر حەوت دەوڵەتەکەی تر ڕوسیایان دەرکرد لەو گروپە. تائێستاشی لەسەر بێت **ڕوسیا** بە ئەندامی ئەو گروپی حەوتە ناژمێرێت.. کەواتە ئێستا کە ساڵی ٢٠١٨ یە تەنها پێی دەگوترێت گروپی حەوت. واتە حەوت دەوڵەت کۆنترۆڵی نیوە زیاتری تەواوی سەرمایەی جیهانیان لەبەردەستدایە.

ڕەخنەیەک لەو گروپە دەگیرا کە گوایە تەواوی ئەو دەوڵەتانەی لە خۆ نەگرتووە کە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر ئابووری جیهان و پیشەسازیەکەی. بۆ نموونە **چین و هیندوستان**. بۆیە لە ساڵی ١٩٩٩ دا گروپەکە گەورە کراو چەندین دەوڵەتی گەورە، و خاوەن ئابووری و پیشەسازی بەهێزی هاتە ناو. لەو ساڵەوە ئیتر قەیرانەکان ڕوویان لە زیادکردن کردو بەتەنیا ئەو حەوت دەوڵەتە دەرەقەتیان نەهاتن. بۆیە سەرەتا **ڕوسیا** هاتەوەناو گروپەکە، لەو لاشەوە ١٢ دەوڵەتی تریش هاتنە ناوەوە لەوانە: **ئەرجەنتین، ئوستراليا، بەرازیل، چین، هیندوستان، ئەندەنوسیا، کۆریای باشوور، مەکسیک، سعودیە، ئەفەریقای باشوور، تورکیا، وە هەروەها یەکیەتی ئەوروپا وەک کیشوەری ئەوروپای سیاسی.**

بەڵام ئەوەی کە ڕاستی و شایانی باس بێت ئەوەیە؛ کە گروپی٢٠ زیاتر گروپی دەوڵەتە خاوەن پارەکانە. بۆ نمونە سعودیە دەوڵەتێکی پیشەسازی نییە تەنها پارەدارە. پارەکەشی لەڕێگەی پیشەسازیەوە دەست ناکەوێت، بەڵکو لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوەیە. بۆ نمونە ئەو بیست دەوڵەتە بە هەموویان لە ٨٥٪ ی سەرمایەی هەموو جیهان پێک دەهێنن.

کەواتە ئێستا لە ڕاستیدا گروپی حەوت گروپێکی نا فەرمیەو تەنها لە ڕووی سیاسیەوە یەکیان گرتووە بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئابووری و پیشەسازی جیهان.

ساڵانە بەپێی ڕێکەوتنێک کە لەنێو خۆیاندا کراوە و واژۆی لەسەر کراوە، دەبێت ساڵانە کۆبوونەوەی خۆیان ببەستن. بۆیە هەر ساڵێک دەبێت هەر دەوڵەتێک سەرۆکی خۆی بنێرێت بۆ ئەو کۆبونەوانە. واتە پێی دەگوترێت کۆبونەوەی لوتکەی جی حەوت. هەندێک جاران یەکیەتی ئەوروپا بە نوێنەرێک بەشداری دەکات لە کۆبوونەوەی ئەو گرووپەدا. ئەو گروپە هەر ساڵەو لە شوێنێک و لە وڵاتێک کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیان دەبەستن. بۆ نموونە ئەم ساڵ لە ٨-٦-٢٠١٨ لە هەرێمی کویبەک لە کەنادا ئەنجامیاندا. وە تا ڕۆژی ٩- ٦ ٢٠١٨ بەردەوام بوو.

**گروپی حەوت ساڵانە لە کۆبوونەوەکانیاندا باسی چی دەکەن؟**

ئەو بابەتانەی کە ساڵانە ئەو حەوت دەوڵەتە لەسەری کۆدەبنەوەو قسەی لەسەر دەکەن و بڕیاری لەسەر دەردەکەن بریتین لە: **ئاسایشی نێونەتەوەیی وپاراستنی و کێشەکانی**، **ئابووری جیهانی و ئاستەنگەکانی** و **قەیرانەکانی و چارەسەرکردنی**، **گۆڕانی کەش و هەوای سەر گۆی زەوی و ڕێگاچارەکان**، **هەلی کار**و **دۆزینەوەی کار**، **ژنان و هێنانیان بۆ نێو کایە جۆراوجۆرەکان و بەهێزکردنیان**، **قەیرانەکان و چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵیاندا**، **کێشە جیهانیەکان**.

**پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی ئەو گروپە**

وەک هەندێک سەرچاوە و کاناڵ باس دەکەن، هەروەها لە بڕیارەکانیاندا دەردەکەوێت کە ئەمساڵ ٢٠١٨ ساڵێک بوو کە ئەو حەوت ئەندامە ڕێک و تەبا نەبوون بەیەکەوە. ناکۆکی دیار هەیە لە پەیوەندیەکانیاندا و هەروەها لە بڕیار دەرکردنیشدا. بۆ نموونە هەر ئەمساڵ سەرۆکی ئەمەریکا تاک لایەنە لەگەڵ ئێران تێکی داو هاتەدەر لە ڕێکەوتنەکەی نێوان ئێران و دەوڵەتەکانی تر بۆ ڕێگری کردن لە ئێران لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی. هەروەها ئەمەریکا دیسان تاکلایەنە سزاکانی بەسەر ئێراندا توندتر کرد. هەروەها ئەمەریکا ڕێکەوتنی نافتای هەڵوەشاندەوە لەگەڵ کەنەدا. ئێستا دەگوترێت کە ئەو گروپی حەوتە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات، و ئەو یەکدیگیریەی جارانی نەماوە و ناتوانێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانیاندا بەسەر کێشەو قەیرانەجیهانیەکاندا زاڵبن.

**بڕیارەکانی کۆتایی کۆبوونەوەی لوتکەی جی ٧ بۆ ساڵی ٢٠١٨**

سەرۆکەکانی وڵاتانی جی ٧ ئەم ساڵ هەروەک ساڵانی ڕابردوو کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیان گرێدا. کۆبونەوەی لوتکەی ئەمساڵیان لە کەنەدا بوو کە لە ڕۆژی ٨-٦-٢٠١٨ دەستی پێکرد وە بەردەوام بوو تا ٩-٦-٢٠١٨.

هەروەک ساڵانی ڕابردوو باسیان لە قەیران و ئابووریی و کێشە جیهانیەکان کرد. بۆ ئەمساڵی ٢٠١٨ وا لێرەدا بەکورتی هەندێک لەو شتانە دەخەینە ڕوو کە لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی لوتکەدا بڵاویان کردەوە.

١- خستنە گەڕی سەرمایە و دابینکردنی سەرمایەگوزاری بەشێوەیەک کە گەشە بە ئابووری هەمەلایەنە بدات و هەموو لایەکیش لێی سوودمەندبێت. ئابووریەک بێت کە جێگیرو بەردەوام بێت لە سوود گەیاندن.

٢- خۆ ئامادەکردن بۆ دابینکردن و دۆزینەوەی کار.

٣- گەشەپێدانی یەکسانی جێندەرو بەهێزکردنی پێگەی ژنان و ڕۆڵیان لەسەرجەم کایەکاندا.

٤- دروستکردنی دنیایەکی ئەمینترو پارێزراوتر. دنیایەکی ئارامتر کە ئاشتی تێدا جێگیر بکرێت.

٥- کارکردن بەیەکەوە، هەموومان لەسەر گۆڕانی کەش و هەوای سەر گۆی زەوی و ئۆقیانوسەکان و دابینکردنی وزەیەکی پاک.

ئەوەی جێگەی باسە لوتکە بە دوورودرێژی لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە قسەیان کردو بڕیاری هەنگاوی جدیان دا کە بەیەکەوە کار بکەن بۆجێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە.

بە کورتی ئەوان بڕیاریاندا کە: بە یەکەوە کار بکەن لە هەموو مەسەلە جیهانیەکاندا. ئەو حەوت دەوڵەتە هاوڕاو هاوکردار بن. ئابووریەکی گەشەکردوو، جێگیرو پارێزراو دابمەزرێنن کە سوودی بۆ هەموولایەک هەبێت. بە قسەی خۆیان ئابووریەک بێت کە زیاتر ڕووی لە هاوکاری ئەو شوێن و لایەنانە بێت کە پێویستیان بە هاوکاریەو بەجێماون، یاخوود لە دواوەن. لەو ڕاگەیاندراوەشدا سوپاسی سەرۆکی فەرەنسایان کرد کە پێشنیاری کرد کە کۆبوونەوەی لوتکەی ساڵی داهاتوو لە وڵاتی فەرەنسادا بکرێت.

پرسیار: ئایە بەڕاستی ئەو حەوت دەوڵەتە دنیایەکی ئارام و پارێزراویان دەوێت کە ئاشتی تێدا بەرقەرار بێت و ئابووریەکی وای هەبێت کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدا بێت؟ ئەگەر بەڵێ وایە، ئەدی ئەو هەموو نائارامی و وێرانکارییەی کە زوربەی وڵاتانی گرتۆتەوە، و نیوەی خەڵکی زۆرێک لە وڵاتانی بەرەو ئاوارەیی بردووە بێجگە لە خۆیان دەبێت کێی لە پشت بێت؟ ئەدی ئەو هەموو شەڕو جەنگانە چین؟ ئەو هەموو برسیەتیەی کە زۆرێک لە وڵاتانی گرتۆتەوە دەبێت بۆ چارە نەکرێت؟ ئەی ئەوان ناڵێن ئابووریەک کە هەموولایەک تێیدا سوودمەند بێت؟.

بۆ ئەو بابەتە سوود لە هەندێک سەرچاوەی ئەنتەرنێتی وەرگیراوە بۆ نموونە:
https://g7.gc.ca/en/official-documents/charlevoix-g7-summit-communique/

# سەری ئەم بۆگەناوە دابخەن...

## نووسینی: عەبدوڵا مەح

لەکەش و هەوای لیخنی ژێرسایەی دەسەڵاتی داوکەوتوانەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، لەسایەی دەستئاوەڵاکردنی مەلاو رەوتە ئیسلامیەکاندا، ژمارەیەک مەلای مێشک مەیوو و بەستوو، روژانەو هەفتانە، لەژێر ناوی بەرگری لە ئیسلام و پیرۆزییەکانی ئینساندا، سوکایەتی بەئینسان و پرانسیبە ئینسانیەکان دەکەن. بێرێزی بە مافە سادەکانی تاک و هاوڵاتیان، بە سیما جوان و شارستانیەکان، دەکەن. هیرش دەکەنە سەر نووسەرانی چەپ و ئازادیخواز و شاعیران و هونەرمەندان. دەیانەوێ ناوی گۆرانی بێژ و لێکۆڵەر و ئەدیب و توێژەرو شارەزای بواری فەلسەفەو لێکۆڵینەوە، رەخنەگران... بزرێنن. زۆر بەتایبەتی و بێ پسانەوەش سوکایەتی بەمافەکانی ژنان و هەڵسوارو لایەنگرانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان دەکەن...

مەلا مەزهەری کۆنەپەرست و داماڵراو لەهەموو بەهایەکی ئینسانی، وەکو یەکێک لەو مەلایانەی عادەتیان بە سوکایەتی بە ژنانەوە گرتووە، کەم هەفتە و تەنانەت کەم جار هەیە لە مینبەری مزگەوت یان کەناڵە میدیاییدا، هەوەس و شەهوەتی پیاوسالاری خۆی دانەبارێنیتە سەر ژنان و مافەکانیان... ئەم مەلا خاڵییە لەهەموو بەهایەکی ئینسانی، بەهاو کەسایەتی ژنان لای نەک بایەخێکی نییە، بەڵکو هەر وەکو مریشکە رەشەو بزن و کاڵای ناچیز تەماشای ژنان دەکات، هەر بۆیە دەمی پیس و بۆگەناوی ئیسلامی خۆی، ئاوەڵا کردووە بۆ هیرش کردن و سوکایەتی و تۆمەت بەخیشینەوە بەرامبەر بە ژنان. لای جەنابی مەلا مەزهەرو هاوشیوەکانی ژنان تەنها ئامرازو ماشینی خاوکردنەوەی هەوەسی پیاوانن. هەوەسی هەستاوی ئەو مەلایانە و لە ناویاندا مەلا مەزهەر، کە مەزهەری ئاشکرای کۆنەپەرستی ئیسلامییە، تەنها بە ژنان و بەڕیزێک ژن، خاو دەکرێتەوە. بۆیە نەک باسی چەند ژنە و گوێرایەڵی ژنان بە پیاوان، و بەخشینی ماف بە پیاو بۆ لیدان و سزادانی ژنان، بەڵکو سوکایەتی و بێرێزی کردن بەهەموو ئەو ژن و پیاوانەی باسی ماف و ئازادییەکانی ژن دەکەن، لە سەرچاوەی و کانیاوی لیخنی قورعان و حەدیس و پەیامبەرانی شەرەف ئاوەڵای سەدان ساڵەی پیش ئیستا... دەردەکێشن. ئەم جەنابانە دەیانەوێت ئینسانی ئەم سەردەمە و ژنان بەتایبەتی بگێرنەوە بۆ ملکەچ کردن بەیاساو ریساکانی سەردەمی خولەفاکانی راشیدینی بە مێژوو سپێردراو. ئەم مەلایە کە بەحەق مەزهەری راستەقینەی ئیسلامی داعشییە، هەر جارەی لە ژێر ناوێکدا ناخی بۆچوونە زێرابیەکانی خۆی دادەبارێنێتە سەر ژنان و مافەکانیان و ئەوانەی بەرگری لە مافی ژنان دەکەن. لەدواین لێدوانی ئەمجارەیان ژنانی کورد بە دایناسۆر دەناسێنێت...

مەلا مەزهەر کە لەلایەن ئەوقافەوە، مزگەوت و مینبەری مزگەوتی خراوەتە بەردەم و لەرێگای بەلاشخۆریشەوە بەسەر کۆمەڵگەدا، کەناڵی تەلەفزیۆنی دامەزراندووە، وە لەژێر سایەی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بزوتنەوەی کوردایەتیدا ژینگەی بۆ ئاوەڵا کراوە، بواری ئەوەی دەستکەوتووە، چۆنی بوێت ژەهری دواکەوتووی برێژێت و ناخی خۆی بە رشانەوە بەسەر ژنان و مافەکانیاندا، خاڵی بکاتەوە. مەلا مەزهەر و هاوشیوەکانی کە مەزهەری هەرە ناشیرین و قیزەونی کۆمەڵگەن،...

بۆ لاپەرە ١١

# گرینگی وشیاربوونەوە بۆ ڕزگاری لەچەوسانەوە

عبدالرحمن رسول



هیچ ئازار و ناخۆشییەک لە خۆیەوە دروست نابێت بۆ مرۆڤەکان و لە خۆشییەوە کۆتایی نایەت. هەر ئازارێک هۆکاری خۆی هەیە بۆ دروستبوونی.

با لایەنی تەندروستی بەنموونە وەربگرین کاتێک ئازاری بەشێک لەجەستەمان هەیە، ئەگەر گوێ بەچارەسەری نەدەین ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ ئازارەکە زیاد دەکات، هەتا وایی لێدێت ناتواندرێت بەئاسانی چارەسەر بکرێ، پێویست دەکات سەردانی پزیشکی تایبەتمەند بکەین، پزیشکیش پاش وردبینی ئەوجا چارەسەرمان پێ دەڵێت بە خواردنی دەرمان یان بەپێی دانی ڕێنمایی.

ئەگەر لە ڕێنماییەکانی پزیشک دەربچین چارەسەری نەخۆشی و ئازارەکانیش سەختر دەبن. پێویست بە نەشتەرگەری دەکات، هەتا زۆر جار بەنەشتەرگەریش ئازار و نەخۆشییەکە کۆتایی نایە.

لەکۆمەڵگەی نابەرابەر و چەوساوەدا بەهەمان شێوەی جەستەی مرۆڤە کاتێک وشیار نەبین لەسەرەتا بۆ چارەسەری کێشە وقەیرانەکانی کۆمەڵگە، ئەوا کات لەدوایی کات کێشە و قەیرانەکان گەورەتر دەبن وهەنگاو بە هەنگاو چارەسەرەکان سەختر دەبن، هەربۆیە گرینگترین هەنگاو بەهێزکردنی وشیاری وبەئاگابییە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆ کە کۆمەڵگەیەکە لێوان لێوە لە نابەرابەری و نایەکسانی و هەڵاواردنی جنسی و نەتەوایەتی و ئایینی و چەوسانەوە و ئازار وئەشکەنجە و سوکایەتیکردنی بە بەهاجوان و مافەکانی مرۆڤایەتی گیرۆدەیە بەچەندین کێشە و قەیرانی جۆراوجۆر.

وشیاری بەمانای ئەوە ناڵێم کە بڕوانامەی خوێندن و زانست لەبوارێک یان بەشێک یان جۆرێک لە پەیمانگا و زانکۆ و دانیشگاکان بە دەست بهێنیت، هەڵبەتە بەدەستهێنانی بڕوانامەش گرینگە، بەڵام زۆرێک لە مرۆڤەکان بەشێک لەبەشەکانی خوێندن تەواو دەکەن، بەڵام بەلای وشیاری و بە ئاگایی و ناسینی جۆرو هۆکاری بەردەوامبوونی چەوسانەوە و نابەرابەری دا ناچن. هەنگاوێکی دروست کە پێویست دەکات سەرجەم مرۆڤەکانی کۆمەڵگە لەخەمی دابن وشیاربوونەوە خۆیانە تایبەت بە هۆکاری چەوسانەوە و نابەرابەری و کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگەکەیان.

وشیاری بۆ ئەوە گرینگە کە مرۆڤەکان دەرگاو نەخشەڕێگای ڕزگاری لەچەوسانەوە ونابەرابەری و بەدیهێنانی ئازادی و ئاسوودەیی و بەختیاری مرۆڤەکان بدۆزنەوە، بەدەست و هێزی خۆیان کۆتایی بە نابەرابەری بهێنن. ڕزگاری مرۆڤە هەژار و کۆیلە و چەوساوەکان هەرگیز مەحاڵ نییە، بەڵام بەمەرجێک هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و مرۆڤە چەوساوەکان خۆیان ڕێکخراو بکەن بۆ ڕزگاری و بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکان. ڕێکخراوبوون بەو مانایە ناڵێم تەنها کردنەوەی بارەگا و نووسینگەو کۆمیتە و ناوەندبێت لەچەشنی دیوەخانەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی و خێڵایەتی بێت یان بۆ خۆژیاندن و خۆ زنجیرکردن بێت لەچەشنی ڕازیبوون بەسیستەم و یاساکانی زاڵمانەی چەوسانەوە.

وشیاری بۆ ڕێکخراوبوون بۆ هەرچی زووتر کۆکردنەوەی هێز و بازوی چەوسێنەرانی کۆمەڵگە گرینگە بۆئەوەی خۆیان واتە چەوساوەکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگە بەدەستەوە بگرن، بۆئەوەی کرێکارانی کارگەکان خۆیان نەخشەڕێگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دابڕێژن. بۆئەوەی جوتیاران ودەستفرۆشان و زەحمەتکێشان و هەژارانی کۆمەڵگە بەشداربن لە داڕشتنی یاساو سیستەمی داهاتوویی کۆمەڵگە. ئەگەر حیزب یان ڕێکخراوێک ئەمە نەکات و بەم جۆرە گەشە بەتێکۆشانی نەدات نەبوونی باشترە.

وشیارییەک پێویستە بۆ تەواوی ئەو مرۆڤانەی کەناڕازین بە گەندەڵی و دزینی پارە و سامانی گشتی کۆمەڵگە کە لەلایەن کەمینەیەک لەمرۆڤە درۆزن و فێڵزان ودز و گەندەڵکارانەوە کە ڕۆژانە بە تاڵان دەبرێت بۆئەوەی بە تێکۆشان وخەباتی یەکگرتووانە کۆتایی بە سیستەم و یاساکانی پارێزەری گەندەڵ و دز و مافیا و چەقوکێشانی کۆمەڵگە بهێنێت، بۆئەوەی لەسەر لە داواکردنی موچەی تەواو و بیمە تەندروستی و ماف وئازادییەکان چیتر مامۆستا و فەرمانبەر بەرشەق و زلە و فیشەک نەدەرێت، بۆئەوەی لەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندان بۆ داواکردنی ماف و ئازادییەکان کەس نەڕفێندرێ و بێ سەروشوێن نەکرێ و زیندانی وئەشکەنجە و ئازار نەدرێت، پێویست دەکات هەموو وشیاربن بە جۆرێک کە بەهاوبەشی تێکۆشان بکەن هەتا وەکو سیستەمی دز و مافیا و گەندەڵکار و ژن کوژ و ڕۆژنامەنووس کوژو و ڕەخنەگر کوژ لە گۆڕبنێن.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداری‌دا بەهۆی یاسا دژە ئینسانییەکانی ئەم سیستەمە منالان لە چەوسانەوە و فەلاکەت و ئازار و بێخانە و لانەیی و برسێتی و کاری تاقەت پروکیندا دەگوزەرێن، بەشێکیان کڕین و فرۆشتن بە جەستەی ناسکیانەوە دەکرێت بەشێکی تر لەبەر نەبوونی و هەژاری خانەوادەکەیان بە ناچاری قوتابخانە و خوێندنگاکانی جێدێڵن. لەژێر سایەی ئەو سیستەمە چەوسێنەردا ژنان وکچان و ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن و دەچەوسێنەوە و دەکوژرێن. لەژێرسایەی یاسا کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداریدا بەشێکی کەم لە خەڵکی کۆمەڵگەکان قازانج و سود دەکەن ئەوانیش کە لە دەسەڵات و حکومەت و حیزبەکانی دەسەڵاتدارەوە نزیکن یان شەریکن بۆ بواری سەرمایە و بازرگانی. زۆرینەی خەڵک لە فەلاکەت و هەژاری و بێکاری دا دەگوزەرێن کەواتە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە حکومەت پشت ببەستێت بە یاساکانی سەرمایەداری و بازاری ئازاد ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵگە بەرەو قەیرانی زیاتر و کێشەی ئابووری و سیاسی زیاتر دەچێت.

لە ژێر سایەی سیستەمی سەرمایەداریدا قسەکەران و مەلا و هەڵسوڕاوانی دینی بەجۆرێک بانگەشە بۆ بیروباوەڕیان دەکەن کە خزمەت بە مانەوەی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری بکات، هەربۆیەشە سەرجەم دەسەڵات و سیستەمە دینییەکان کار بۆ مانەوەی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری دەکەن، خۆیان دەبنە پارێزەری جدی ئەو سیستەمە چەوسێنەر و نابەرابەرە. خەڵک پێوستە وشیاربێت و بزانێت کە سیستەمە دینی و قەومییەکانن ناتوانن خۆشبەختی و ئاسودەیی و بەرابەری و ماف وئازادییەکان بۆ تاکەکانی هاوڵاتی بەدیبهێنن، بەڵکو سیستەمە دینی و قەومییەکان بە هۆی درێژەدانی سەرکوت و ملهوڕی و دەسەڵاتی مافیانەیان دەبنە لەمپەر و ڕێگر لە چەسپاندنی ماف و ئازادییەکان.

لە وڵاتی ئێران و عێراق و تورکیا و....هیتد بەهۆی هەبوونی سیستەمی دینی و قەومی یە کە کۆمەڵگە گەڕێندراوەتەوە بۆ دواوە لە ڕوویی شارستانی و مەدەنی، مەلاکانی ئیسلامیی کۆمەڵگەیان پەلکێشی ناو چەندین کێشە و قەیران کردووە، ئەبێت خەڵک وشیاربێت کار بۆ تێکۆشانی جەماوەری هاوبەش بکات بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگە لەو کێشە و قەیرانانە کە لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتدار بۆ خەڵکی کۆمەڵگەی سازکردووە.

لە باشووری کوردستان بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵات وسیستەمی خێڵاتی و حیزبی کۆمەڵگەیی باشووری کوردستان گیرۆدەی ئەزمە و قەیران وکێشە گەلێک بووە کە دەرچوون و ڕزگاربوون لێی پێویستی بە وشیاربوونەوە و بە ئاگابوون هەیە بە جۆرێک کە هەموو مرۆڤە بێبەش و چەوساوە و دڵ ئازاردراوەکان بەیەکەوە و یەکگرتووانە بهێنێتە مەیدانی شۆڕش و تێکۆشانێکی ئازایانە و دڵسۆزانە بۆ گۆڕانکاری و دەرهێنانی کۆمەڵگە لەو زەلکاوە و لێتاوە قەیراناوییەی سەردەمی ئەمڕۆ کە حیزبەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ماوەی زیاتر ٢٨ ساڵەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگەدا ساڵ لە دوایی ساڵ کێشە و قەیرانەکانیان بۆ خەڵک زیاد کردووە وهەر ساڵە و دەوڵەتێکی داگیرکەریان بە چەک و سەربازی زۆرەوە هێناوەتە سەر باشووری کوردستان بە ئارەزوویی خۆیان پارچەیەک و چەند ناوچەیەکیان داگیرکردووە.

حیزبەکانی تری بەناو ئۆپۆزیسیۆن لەجۆری ئیسلامییەکان و بزوتنەوەی گۆڕان کە پێ یەکیان لە ناو دەسەڵات و حکومەتدا بووە و پێیەکی تریان لە دەرەوە، هەروەها هەبوونی هێزێکی نوێی وەک هاوپەیمانی و نەوەی نوێ کە هیچ ئاسۆ و ئومێدێکی لێ چاوەڕوان ناکرێ لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ نەخشەڕێگایەکی دروستیان نەخستۆتە ڕوو بۆ گۆڕانکاری لەجۆری سیستەم لە عێراق و باشووری کوردستاندا. بەشێکی زۆری قەیران و کێشەکان بەهۆی هەبوونی سیستەمی دینی و قەومییە لە عێراقدا کە لە عێراق سیستەمی شارەستانی و سیکۆلار نییە بۆیە شەڕ و کێشەکان بەردەوام و درێژەی هەیە.

لە باشووری کوردستاندا وێڕای هەموو ئەمانەی سەرەوە حکومەت و دەسەڵات بەهۆی حیزبەکانەوە پەڕپوتتر و وێرانترە کە هیچ ئاسۆیەک بۆ ئایندەی کوردستان نابیندرێت کە هەنگاو بندرێت بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانی و بەرابەر. کەواتە هەنگاوی یەکەمی خەڵکی ناڕازی و چەوساوە پێش ئەوەی بیر لەخۆپیشاندان و سازکردنی نارەزایەتییەکان بکەنەوە، پێویستە بیر لە چۆنێتی کۆکردنەوەی سەرجەم خەڵکی ناڕازی و چەوساوە بکەنەوە وێڕای هەبوونی بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی جیاواز، ئەبێت لە گۆشەیەک و لەدەروازەیەکەوە کار بۆ جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگایەکی هاوبەش و یەکگرتوانە بکرێت، ئەبێت سەرجەم ئەم هێزە ناڕازییە بە بەرنامە و نەخشە ڕێگایەکی سیکۆلار وشارستانی کار بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەربکرێت.

**بیرمەندان تەنها بە شێوەی جۆراوجۆر جیهانیان راڤە کردووە، بەڵام گرنگ گۆڕینی جیهانە-** تێزەکانی مارکس لەسەر فیورباخ

# لە گۆشەیەکی ترەوە

**پرس و ڕای هەفتانە، گۆشەیەکی هەفتانەیە کە هاوڕێ مزەفەر عەبدوڵا دەینووسێت، بۆپێشەوە هەر دوو هەفتە جارێک، باسێک یان چەند باسێکی بڵاودەکاتەوە...لەم گۆشەیەدا "بەرامبەرکێی نێوان بەرەی ئیسلامی و یەکسانیخوازی، سوتانی کۆگای دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان وەک چی وایە؟ تورکیاو شەڕو هەڵبژاردن ...دەخوێننەوە**

لە ڕۆژەکانی هەفتەی ڕابردوو کۆمەڵێک ڕوداو لەئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بونە هەواڵی گەرمی ڕاگەیاندنەکان و پرسوڕای گشتی، لە ڕوانگەو بەشێوازی جۆراجۆریش ڕاو هەڵویستگیری لەبارەیانەوە دەکرا.

گرینگترین ئەو ڕوداوانەش بریتی بوون لە:

**یەکەم: بەرامبەرکێی نێوان بەرەی ئیسلامی و یەکسانیخوازی...**

وەک ئاشکرایە لە چەندین ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستاش کەم ڕۆژو هەفتە هەبووە کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی ململانێی نێوان بەرەی کۆنەپەرستی و یەکسانیخوازیەوە نەشڵەقیبێت، بەتایبەتی بەهۆی سوکایەتی و هێرشی ئیسلامییەکان و مەلاکان و ڕێکخراوەکانیانەوە بۆسەر مافەکانی ژنان.

لە ڕۆژەکانی ڕابردوش بانگەشەی لۆمپێن ئاساکانی مەلا مەزهەر ناوێک کەژنانی کوردستانی بە دیناسۆر ناوبردب و کەوتە بەر ڕەخنەو ناڕەزایەتی ڕای ئازادیخوازی بە گشتی و هەڵسوڕاوانی بەرەی یەکسانیخوازی و مافەکانی ژنان. لە ئاکامدا دەسەڵات ناچارکرا بڕیاری داخستنی کەناڵی تی ڤی یەکەی بدات و هاوکاتیش کۆمەڵێک لە هەڵسوڕاوی ژنان لە پێش هەمویانەوە، بەهار مونزیر، تا داوا لەسەر مەلا تۆمار بکەن و بیدەنە دادگا کە هەموو ئەم ناڕەزایەتییانە شایانی دەستخۆشانەو پشتیوانی کردنن.

بەڵام خاڵی جێ سەرنج و پرسیار بۆ بەرەی یەکسانیخوازی لەم ڕوداو و پرسەدا ئەوەیە هۆکاری سەرەکی چییە کە مەلایەک ئاوا بە ئاشکرا دەتوانێت ئەم هەمو سوکایەتی و بێڕێزی بە ژنان بە گشتی بکات؟

بێگومانە هەر کەسێک لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی و پێگەی ئایین و ئەم مەلاو ئیسلامی یانە بڕوانێت وەڵامەکەی ئەوە دەبێت کە هۆکاری سەرەکی بۆئەوەی وا بە ئاسانی سوکایەتی بە ژنان بکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی دژە ژنی و دژە ئازادی ویەکسانی خودی دەسەڵاتەکە. هێزەکانی پشت و پێشی ئەم دەسەڵاتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ناتوانن و نایانەوێت دەست بەرداری ئایین بن. وە نە دەتوانن و نە دەیانەوێت دەسەڵاتێکی

سکیولارو هاوچەرخی تەواو بن سەرەڕای پڕوپاگەندەکانیان.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە تەواوی سکولارو مۆدێرن بێت و ئایین بە تەواوی لە دەسەڵاتی سیاسی و خوێندن و فێرکردن جیا بێت، وەک بڕوای تاکەکان بناسێنرێت، ئەوە بێگومانە ئەوکاتە ئەم مەلاو ئیسلامییانەش نەک هەر ناتوانن و ناوێرن ئەم هەموو سوکایەتییە بە ژنان و ئازادیخوازان بکەن و دەسبەرن بۆ توندوتیژی و تیرۆر، بەڵکو ناتوانن و ناوێرن لە دەرگەی مزگەوتەکانیشەوە سەربەرزانە بێنە دەرەوە. هەر وەک چۆن سەرانی کەنیسەو قەشەکان لە زۆر وڵات نەک هەر ناتوانن سوکایەتی بە ژنان بکەن، بەڵکو بۆئەوەی ڕێزیان لێبگیرێت دەبێت هەر وەک پاپا بڵێت ژن و پیاو لەهەمو ڕویەکەوە یەکسانن.

هەڵبەت هەر لە ڕۆژەکانی ئەم هەفتەیەش بەهۆی قسەوباسەکانی دکتور یونس ڕاوی، کە لێکوڵەرێکی بواری ئیسلامی ناسییەو زیاتریش لە ڕوانگەیەکی لیبرالییەوە ڕایەکانی دەدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە وتویەتی ڕۆژو فەرز نییە، بەڵکو سونەتە لە ئیسلامدا، ئیسلامییەکان و یەکێتی مەلاکانی کوردستان ئەم قسەیەی ڕاویان کردۆتە بەهانە تا بیدەنە دادگاو سزای بدەن.

بەڵام خۆشبەختانە ئەم هەرەشەیەش ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی ڕای ئازادیخوازی بۆتەوە.

جا چ ئەم دوو ڕوداوەو چ هەموو ئەو ڕوداوانەی تر کە بەهۆی سوکایەتی و هەڕەشەو گوڕەشەی ئەم ئیسلامییانەوە ڕودەدەن هۆکارەکەی ڕاستەوخۆ، وەک وتمان، دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان کە ئیسلامییەکان بەشێکن.

بۆیە پێویستە وێڕای ڕووبەڕوبوونەوەی ئەم ئیسلامیانەو مەلاکانیان، هاوکات نوکی تیژی ڕەخنەو خەبات و ناڕەزایەتی بەرەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی بە خواستی جیایی ئایین لە دەسەڵاتی سیاسی و خوێندن و فێرکردن ڕوو لە دەسەڵات بێت، چونکە بەبێ بەدیهێنانی ئەم خواستە ئەوە تا دەیان ساڵی تر ئەم مەلاو ئیسلامییانە بەردەوام دەبن لەسەر کاروکردەوەی کۆنەپەرستانەی دژی ژنی خۆیان.

**دووەم: سوتانی کۆگای دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان وەک چی وایە...؟**

سەرەنجام دوای بەڕێخستنی چەند هەفتەو مانگ لە گاڵتەجاڕی بەناو هەڵبژاردن و ئاشکراکردنی ئاکامەکەی و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی لایەنەکان و شەپۆلێک ناڕەزایەتی و ململانێ و هەڕەشەو گوڕەشەو شەڕ دوا ڕوداوی ئەم گاڵتەجاڕییە لەم ڕۆژانە بریتی بوو لە سوتانی کۆگاکانی دەنگەکانی هەڵبژاردن لە بەغدا.

بە پێی هەواڵەکان تا ئێستا نازانرێت کێ بەم کارە هەستاوە، بەڵام ئەم کارە وێڕای ئەوەی جارێکی تریش دروست و ناوەڕۆکی ڕاو بۆچون وهەڵویستەکانی بەرەی ئازادیخوازی، بە تایبەتی کۆمۆنیستەکانی، نیشاندا کە ئەوە هەڵبژاردنی واقعی پەرلەمانی نییە، سەرەڕای ناکۆکیمان بە سیستەمی پەرلەمانی، بەڵکو تەنها گاڵتەجاری یەو بەس. ئێستا سوتانی ئەم کۆگایانە زۆر زیندوتر ڕاوبۆچون و هەڵویستەکەمانی سەلماند.

جا ئەم کارە وەک کاری ئەو ئاغاو دەرەبەگانە وایە کە لەو دەورانە کاتێک جوتیارێک سەرانەی نەدایە بە ئاغاو دەرەبەگ ئەوە ئەوانیش لە ڕێگای چەتەکانیانەوە خەرمانی جوتیارەکانیان دەسوتاند.

ئیمە دەمێکە دەڵێین دەزگای پەرلەمان و هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادو دیموکراسی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم دەستەوتاقمانە نایاتەوە سەرەڕای ئازادییە ڕوکەشییەکەیان.

**سێهەم : تورکیا: شەڕ و هەڵبژاردن...!**

لەشکرکێشی وشەڕی سوپای فاشی تورکیا لە کوردستانی عێراق و سوریا بەناوی لێدانی پەکەکەوە، و هاوکات پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، بۆ هەڵبژاردنەوەی ئۆردوگان وەک سەرۆک کۆمار تا ببێتە خاوەن دەسەڵاتی ڕەهای سوڵتانی، دوو هەواڵی گەرمی ڕاگەیاندنەکان و ڕای گشتی بوو لە ئاستی تورکیاو دەرەوە. وە هەردوو ئەم ڕوداوەش کاریگەری گەورەیان هەیە لە ئاستی کوردستان چ ئێستاو چ داهاتو.

بێگومان ئەم شەڕو لەشکرکێشی و هەڵبژاردنە لە کاتێکدا بەڕێوەدەچیت کە باڵی بۆرژوا قەومی و ئیسلامی ئوردوگان و حزبەکەی لەناو قەیرانیکی قوڵدایە لە ئاستی ناوخۆ و ناوچەکەو جیهان. ئەگەر چی بە ڕواڵەت بەشێکی زۆر لە ڕاڤەکاران و چاودێران و خودی ئوردوگان و سەرانی حزبەکەی خۆیان لە پێگەیەکی بەهیزەوە دەبینن، بەڵام هەرگیز وا نییە.

لە ڕاستیدا ئەم لەشکرکێشی و شەڕو هەڵبژاردنە جگە لەوەی ئاکامێکی ڕاستەوخۆی قەیرانە ئابوری و سیاسییەکانە هاوکات بۆ کپکردنەوەو سەرکوتکردنی هەر ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی و جوڵانەوەیەکی سیاسییە کە لە هەناوی دەوڵەت و کۆمەڵگەدایە.

ئەوە بێگومانە کە ئەم دوو ڕوداوە ڕاستەوخۆ پێکەوە پەیوەستن. ئۆردوگان و حزبەکەشی دەیانەوێت لەم چوارچیوەیەدا دەوڵەت و سیستەمی سیاسی تورکیاو کۆمەڵگەکەی بە شیوازیک لەقالب بدەن کە لەگەڵ بەرنامەو ئامانجە سیاسییەکانی ئەم باڵە بۆرژوا



ناسیونال ئیسلامییە بێتەوە. ئەمەش وا دەخوازێت تا لەم دەرگا بەرتەسکەی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئەمجارە کە ڕەنگە دوا جار بێت سەرکەون و ئیتر ئەم دەرگا بەرتەسکەش دابخەن وەک هەموو دەوڵە بۆرژوا ناسیونال ئیسلامییەکانی تر.

هەڵبەت قەیران و ململانێی ئابوری و سیاسی و سەربازی لە ئاستی جیهان و ناوچەکەش، بە تایبەت گۆڕانی هێزو هاوسەنگی جیهانی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە لە تورکیادا.

هەر بۆیەش سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئۆردوگان و حزبەکەی لەهەردوو ئەم ڕوداو و پرۆسەیە حەتمی نییە، بەڵکو ئەگەری شکستی زیاترە وەک لە سەرکەوتن.

ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی مێژوویی جیاواز هەیە بە نیسبەت کۆمەڵگەی تورکیا لەچاو کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵاتەوە ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت و کۆمەڵگای تورکیا لە ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیست لە پێش هەموویانەوە بووە. ئێستاش کە ئوردوگان و حزب و دەسەڵاتەکەی دەیانەوێت ڕەوڕەوەی ئەو مێژووە بە پێی بەرژەوەندییەکانی سەرمایە بۆ سەدەیەک زیاتر بگێرنە دواوە ئەوە هەرگیز لە تواناادا نییە، چونکە پایەکانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و پێگەی چینی کرێکارو جولانەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی، سەرەڕای سەرکوتکردنی بە درێژایی سەدەی ڕابردو، بەڵام وەک پشکۆیەکی گەشی ژێر خۆڵەمێش وایەو کڵپەکردنی بە ڕووی سەرجەم چینی بۆرژوا بە گشتی و باڵی ناسیونال ئیسلامی ئوردوگاندا تا ڕادەی ڕوخانی ئەگەرێکی ممکنە.

تەنانەت لە پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەش وەلانانی ئوردوگان و حزبەکەی لەلایەن باڵە ڕاستەکان و چەپە قەومی و ڕۆشنبیری و وردەبۆرژوازییەکانەوە هەر دەرفەت ماوە، بەڵام لەم بارەدا هیشتا چاکسازی بنەڕەتی بۆ زۆریک لە کێشەکان لەوانە کیشەی کورد هێشتا لە تواناادا نابێت، چونکە ئەمە بۆتە ئەرکێکی ڕاپەرین و شۆڕشی سۆسیالیستی لە داهاتودا...

# دیمانە لەگەڵ...سەردار عەبدوڵا حەمە سەبارەت بە چۆنیەتی گیران و بیرەوەرییەکانی ناو زیندانی ڕژێمی بەعس

**سازدانی: ئاراس ڕەشید**

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

**تێکۆشانی کۆمۆنیستەکان، لە پێناو دنیایەکی باشتر و دامەرزاندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیدا، مێژوویەکی درەوشاوەیە... لەو ڕێگایەدا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکان گیانیان لەدەستداوە، یان لەلایەن جەلادەکانی بەعس و پارێزەرانی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەدارییەوە، توشی ڕاوەدونان و گرتن و شکنجە بوونەتەوە... بۆپێشەوە بە مەبەستی ناساندنی ڕۆڵی تیکۆشەرانەی ئەو کۆمۆنیستانەی لەلایەن بەعسەوە گیراون، تەوەرەیەکی تایبەتی دەکاتەوە... کەهەر جارەی گفتوگۆیەک لەگەڵ یەکێک لەو هاوڕێیانە دەکات، کە زیندانی کراون... لەم ژمارەیەدا بەشی سێهەم و کۆتایی لەگەڵ سەردار عەبدوڵا دەخوێننەوە...**






هەندێک لە زیندانیە چەپ وکۆمۆنیستەکانی ئەمنە سورەکە کە لەڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ڕۆژی ٨مارس بەهۆی ڕاپەینەکەوە لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە ئازادکران.کاوە عومەر ئامادەی کردوە

**بۆپێشەوە: چۆن و کەی ئازاد کران؟ دەتوانن بیرەوەریی ناو زیندانمان بۆ بگێرنەوە، خۆش یان ناخۆش؟**

سەردارعەبدوڵا: سەبارەت بە بیرەووەریەکانم لە زیندان کە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان بوو؛ ئاشکرایە بیروەریەکانی زیندان تاڵن، بەڵام بیرەوەری خۆشیشی هەیە. لە بیرەووەرییە ناخۆشەکانم؛ ڕۆژێکیان جەلادیک کە ناوی جومعە بوو زۆر سەرسەری ولۆمپن بوو، بە زڕە زڕی زنجیری کلیلەکانیەوە هات بەرەو دەرگای ئینفرادیەکەم، لە کونی پەنجەرەی دەرگاکەوە نەڕاندی بەسەرمدا بە عەرەبی وتی هەستە گەواد، منیش هەستامە سەرپێ و ئەویش دەرگای کردەوە وتی"وەرە لەگەڵم" منیش ڕۆشتم تا گەشتینە قادرمەکان وتی ئەزانی بۆ کوێت ئەبەم؟ وتم نەخێر! وتی بۆ ئیعدام کردن... منیش زەردەخەنەیەک گرتمی، بینیمی لە پڕێکدا یەک کێبڵی ئەستوری کیشا بە سەرمدا، سەرم ئەوەندەی مشتی دەستم ئاوسا، ئیتر بەشەق وبە کێبڵ تیم بەربوو، ناوە ناوە دەیووت من ئەڵیم ئەتبەم بۆ ئیعدام! کەچی تۆ پێ ئەکەنی! منیش ئەمزانی کە درۆ ئەکات و ئەشکەنجەی نەفسیم دەدات، بۆیە پێ ئەکەنیم. یەکێکی تر لەو بیرەوەریانە کە تاڵ بوون بۆم، ڕۆژێکیان زیندانیەکیان هێنا تازە بوو، بەستیانەوە بە دەرگاکەی بەرانبەرمەوە، پاشان ئەمنەکان ڕۆشتن، لە کونی دەرگاکەمەوە قسەم لەگەڵ کرد، هانم ئەدا کە خۆی ڕابگرێ وئیعتراف نەکات، کەچی چوو بوو ئێعترافی کردبوو، و ناوی منیشی دابوو کە هانم داوە بۆ خۆڕاگری، ئیتر هاتن منیان بردە خوارەوە بۆ لای نەقیب ماجید، ئەشکەنجەیەکی زۆریان دام، نەقیب پێی وتم گەواد؛ تۆ بۆ ئەوە باش نیت ئیعدام بکرێی، تۆ بۆئەوە باشی فڕێت بدەینە زیندانێکەوە تاریک بێت چاوت بە ڕووناکی نەکەوێت تا ئەمریتت، لە جنوب کەسمان زۆر وا لێ کردووە! وتی تۆ جگە لەوەی خۆت زانیاریمان پێ نادەی خەڵکیش هان ئەدەی وەک خۆت بن! منیش وتم ڕاست نییە، من کەسم هان نەداوە، ئەوەندەی تریان لێدام. بیرەووەری خۆشیش هەبوو بە تایبەتی تۆ کە لە زینداندان بیت چاوەڕێ دەکەی لە بچوکترین ئومیدیش کە بۆت بێتەوە. پاش چوار مانگ لە ئێنفرادیەکەمەوە بینیم چەند کەسی تازەیان هێناوە، بەستنیانەوە بەدەرگای هۆڵەکانەوە سەیرم کردن ناسیمنەوە هەموویان هاورێم بوون، کە لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕەوتی کۆمۆنیست بۆ ڕاپەڕین گیرا بوون، (هەورامان علی و بەهنام ونەبەرد وعەبدولرەحمان وعادل) بوون، ئێمەیەش هەر کاتێک زیندانی تازەیان دەهێنا دوور لە چاوی جەلاد وئەمنەکان گۆرانیمان بۆ دەوتن، گۆرانی باوی ئەو سەردمەش ئەوەی عەباسی کەمەندی بوو کە دەیووت(تۆ چاوت دییێشێت) بۆ ئەوەی ورەیان بەرز بێت، کاتێ قسەم کرد لەگەڵ هەورامان عەلی، هەواڵی دەرەوەم لێ پرسی؟ هەواڵێکی خۆشی پێدام، وتی منداڵەکەت سەلامەتە و ئازاد کراوە، ئێستا لە هەڵەبجەی تازەیە لای خەسووتە، منیش خۆشیەک وئومێدێک ڕووی تێکردم، زۆر خۆشحاڵی کردم بەو هەواڵە. یەکێکی تر لە بیرەووەریەکانم؛ ڕۆژێکیان وتیان سەردار؛ وتم بەڵێ، ئەوکاتە تازە لە ئینفرادیەکان هەڵیان دابوومە هۆڵێکەوە لەگەڵ ١٥ کەسی تر، وتیان وەرە دەرەوە، دەرگایان کردەوە چووم ئەمجارە بۆ ژووری لێکۆڵینەوە نەبوو، بۆ دەرەوە بوو پێم وابوو ئەمبەن ئەمکوژن!، بەڵام لە دوورەوە دایکم بینی، یادی بەخێر چاوەڕێی ئەکردم ڕێگەیان دابوو دایکم بمبینێ وەک زیندانیەکانی تر، دیارە هەموویان لە پێش من کەسی خۆیان بینی بوو، من دوا کەس بووم لەم بارەوە ( کردنەوەی مواجەهەکە لە ژێر فشاری کەسوکاری زیندانیەکاندا بوو). کاتێ دایکم منی بینی خەریک بوولە هۆش خۆی بچێت و بکەوێتە سەر زەوی، چووم باوەشم پیا کرد، ئەملاو ئەولای تێر ماچ کردم، منیش بە ئەسپایی بە هەورامی بە گوێمدا چرپاند؛ وتم خەمم مەخۆ یەک مانگی تر نابات ئێمە ئازاد دەبین! وتی چۆن بڕوا بکەم؟ وتم بەعس ئەڕوخێت و ئێمەیش ئازاد ئەبین، بەشێکی ئەم قسانەم خەیاڵ بوو... بۆئەوەی ئەو خەم نەخوات، بەشێکیشی تەوەقوعی خۆم بوو. مفەوەز تاریق کە کوردی سۆرانی ئەزانی گوێی لێ گرتین، هیچ تێ نەگەیشت، چونکە هەورامی نەئەزانی، ئیتر بۆ ١٠ دەقە دایکمم بینی. یەکێ لە بیروەریە خۆشەکانم بوو، جا سەیر ئەوەبوو تەوەقوعەکەم وەک خۆی هاتەدی، پاش تێپەربوونی یەک مانگ بە سەر بینینی دایکما ئازاد بووین

**بۆپێشەوە: دیارە ئەو کاتە ئەندامانی لایەنەکانی تریش لە زیندان‌دا هەبوون، دەتوانیت ئاماژە بەوانیش بکەیت؟: ئێوە دوای ئەو هەموو ساڵە، لە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی دەبینن، چی دەڵێن؟**

**سەردار عەبدوڵا** : لەو کاتانەدا چەپەکانی نزیک لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی خەریکی کاری ڕێکخستن وچالاکی سیاسی بوون بە نهێنی. حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕێکخستنیان نەمابوو لەناوخۆی کوردستاندا، ئەوان وەک هێزی چەکدار مابوون، ئەویش لەدەرەوەی سنورەکان بوون. زۆربەی سەرکردەکان چووبوونە ئەوروپا خەریک بوو ئاشبەتاڵیان دەکرد، کۆمەڵەی ڕەنجدەران دوا بەرپرسی خەلیەیان گیرا کە تەحسین قادر بەرزنجی بوو ئەوانی تریشیان چوونە دەرەوە. هەروەها کەریم ئەحمەدی سکرتێری ئەوکاتەی حیزبی شوعی لە چاوپێکەوتنیکی ڕێگای کوردستاندا وتی" حیزبەکانی بەرەی کوردستانی ڕێکخستنیان نەمابوو، تەنها حیزبی شیوعی نەبێت چەند شانەیەکیان مابوو! ئێمە وەک چەپەکان هەرچەند بەهرەمەند نەبووین لە حیزبی سیاسی خۆمان لەو کاتەدا، بەڵام بۆئەوە کارمان دەکرد کە کۆمەلگەیەکی یەکسان بە دەست بینین، وە ئەو دونیا پێچەوانەیە بخرێتە وە سەر ئەسڵی خۆی. بۆئەوە کارمان دەکرد خەڵک خۆی دەسەلات بەدەستەوە بگرێ لە ڕێگای شوراکانی خۆیانەوە، لەم پێناوەدا ئێمە کەوتینە زیندانەوە، بەڵام ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی سیناریۆیەکیان دروست کرد، بووە هۆی هێنانەوەی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتیان بە زەبری هێزو چەک، دەستیان دایە تاڵان و برۆ لە سەرەتاوە بە فرۆشتنی هەموو ئەو ئامێرانە دەستیان پێکرد کە بۆ خزمەتی خەڵک پێویست بوون، وەک شۆڤڵ و دەزگاکانی کارەبا دەیانبردە ئێران بە نرخێکی هەرزان دەیان فرۆشتن. ئیتر لەوکاتەوە تا ئێستاش خەڵکیان بێ کارەبا کردووە، وەک خزمەتێکی سەرەتایی خەڵکیان لێ بێبەش کرد، ئیتر نەک ئەو ئامانجانەی ئێمە بەدی نەهات کە دەمانویست سامانی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگە بێت و یەکسانی وئازادی بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بێت، بەڵکو چەوساندنەوە زۆر زیادی کرد وهەژاری زیاتر باڵی کێشا بە سەر کۆمەڵگەدا، لەولاشەوە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بوونە خاوەن سەرمایەی سەدان ملیار دۆلار، مووچەیان لە خەڵک بڕی، بێکاری زیادی کرد و سەرکوتی ئازادی گەڕایەوە، دەیان کەسی سیاسی موخالیف ورۆژنامەنوسیان تیرۆر کرد، ستەمەکان لەسەر خەڵک زیاتربوو.

## پۆزش

**لە ژمارەی پێشوی بۆپێشەوەدا، ئاماژە بەوە درابوو کە دیمانە لەگەڵ هاوڕێ "سەردار عەبدوڵا" بەشی دووەم و کۆتاییە، لەکاتێکدا تەنها بەشی دووەمی دیمانەکەبوو، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، بەشی سێهەم و کۆتاییە... لێرەدا داوی لێبوردن لە خوێنەرانی بۆپێشەوەو هاوڕێ سەردار دەکەین...**

**بۆپێشەوە**



# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان

ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس رەشید

**پێدەچێت بەم زووانە لە ئەمەریکادا گەورەترین مانگرتنی کرێکاری ڕوو بدات کە لە چەندین دەیەدا ئەمەی بەخۆوە نەبینیبێت!**




ڕۆژی سێشەمە، ڕێکەوتی ٥-٦-٨ ، یەکیەتیە کرێکارییەکان و شوفێرانی ماشێنی بارهەڵگرو ئەندامانی کۆمپانیای گەورەی گواستنەوەی جیهانی (یو پی ئێس) بە زۆرینەی ڕەها دەنگیان بە مانگرتنی سەرتاسەری دا.

ئەوان ڕایانگەیاند کە تا سەرەتای ئابی ٢٠١٨، وەڵام بە داواکاریکانیان نەدرێتەوە گەورەترین مانگرتنی سەرتاسەری ئەنجام دەدەن. شایانی باسە کە لە ئابی ١، ٢٠١٨ دا ئەو گرێبەستەی هەیانە لەگەڵ خاوەنکارەکاندا کۆتایی دێت. لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئەوەش هاتووە کە لە ٩٠٪ ی ئەندامەکان و شوفێران دەنگیان بە مانگرتن داوە لە ئەگەری بەدی نەهاتنی داواکاریەکانیاندا. ئەوەی کە قسەی بە جدی دەربارە دەکرێت ئەوەیە کە ئەم مانگرتنە چاوەڕوانکراوە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت تەنانەت لەسەر ئابووری ئەمەریکا، چونکە ئامارەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ژمارەی فەرمانبەرانی یو پی ئێس ئێستا دەگاتە سێ سەد هەزار کەسێک و ئەمەش تێکڕا لە ٦٪ ی بەرهەمی ناوخۆی ساڵانەی ئەمەریکا پێک دەهێنن. هەروەها ئەوەش باس دەکرێت کە دەبێت ئەو کۆمپانیا زەبەلاحەی گواستنەوە بە شێوەیەک فراوان بکرێت کە حەوت ڕۆژە لە هەفتەدا کاری گواستنەوە بکات. کۆمپانیای یو پی ئێس لە ساڵی پارەوە ڕۆژانی شەممەش کار دەکەن و بۆ ئەم ساڵیش پێشنیاری ئەوە لە گۆڕێدایە کە ڕۆژانی یەک شەممەشی بێتەسەر. واتە حەوت ڕۆژە لە هەفتەدا. هەروەها پێشنیارێکی تریش لەسەر مێزی گفتوگۆدا لە ئارادایە و کێشمەکێشی لەسەرە، ئەویش ئەوەیە کە: کرێکارانێک کە بەکاتی دامەزراون و لە سەعاتێکدا ١٥ دۆلار وەردەگرن، بکرێنە کرێکاری هەمیشەیی بەهەمان هەقدەست. کرێکارانی پێشتریش کە بە هەمیشەیی دامەزراوون هەقدەستیان ٣٦ دۆلارە لە سەعاتێکدا. واتە ساڵانەی ئەو کرێکارانە خۆی دەدات لە ٧٥ هەزار دۆلار. بە پێی ئەو پرۆژەیە شوفێران دابەش دەکرێن بەسەر دوو بەشەوە. ئەوەش وا دەکات کە مانگرتن ببێتە شتێک کە هەر دەبێ ڕوو بدات.

**کرێکارانی ئێکسۆن مۆبیل نارەزایەتی دەردەبڕن! ئێکسۆن مۆبیل ٢٣٠ کرێکار لە کارەکانیان دەردەکاو دەیەوێت دایان بمەزرێنێتەوە بە کرێیەکی کەمتر !**

بەوهۆیەشەوە فیدراسیۆنی یەکیەتیە کرێکارییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ چوار لە نوێنەرانی یەکیەتییە کرێکارییەکانی ئوسترالیا کۆ دەبێتەوە.

وا بۆ نزیکەی ساڵێک دەچێت چەندین لە یەکیەتیە کرێکارییەکانی ئوستراليا دەستیان




داوەتە مانگرتن لە دژی کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل. ئەو مانگرتنە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ئێکسۆن مۆبیل ٢٣٠ کرێکاری سەر بە بەشی نەوتی کۆمپانیاکەی دەرکردو لە دواییشدا ڕەزامەندی لەسەر جارێکی تر وەرگرتنەوەیاندا، بەڵام ئەو جارە بە کرێی لە ٤٠٪ کەمتر لە جاری یەکەمیان.

لەوبارەوە لقی تەکساسی فیدراسیۆنی یەکیەتیە کرێکارییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ چوار لەنوێنەرانی سەندیکا کرێکاریەکانی ئوستراليا کۆبۆوە. مەبەستی هاتنی ئەو نوێنەرانە بۆ تەکساس ئەوە بوو کە باس لە مانگرتنەکەی ئوستراليا بکەن لەسەر مافی ئەو ٢٣٠ کرێکارە.

جێگەی باسە کە ئێکسۆن مۆبیل هاتووە لە جیاتی ئەو کرێکارە دەرکراوانە، کرێکاری تری بیانی دامەزراندووە و لە لایەکی تریشەوە تەواوی چالاکوانانی کرێکاری لەوبارەوە خستۆتە ژێرچاودێری وردەوە. هەروەها لەو بارەوە گلەیی لە میدیای دیاری ئوستراليا دەکرێت کە وەک پێویست ڕوماڵی ئەو کێشە کرێکارییە ناکەن. بۆ نموونە ئەو میدیایە تەنانەت خۆشی پاراست لە ڕوماڵکردنی ئەو مانگرتنە گەورەیەی کە دەورووبەری ١٢٠ هەزار کرێکارو کارمەندی هێنایە سەر شەقامەکان. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە نوێنەرانی یەکیەتیە کرێکارییەکان دەیانەوێت دەنگی خۆیان بگەێننە دەرەوە و لەگەڵ نوێنەرانی یەکیەتیە کرێکاریەکانی ئەمەریکا کۆبوونەوە بکەن و گلەیی و گازندەکانیان پێ بڵێن لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیلدا.

ئەو کۆبونەوەیە دوو کاتژمێری خایاند و تەواوی کێشەکانیان لەگەڵ یەک باس کرد، و ڕێکاری گونجاویشیان پێشنیار کرد. یەکێک لەو ڕێکارانە ئەوە بوو کە ڕێپێوانێک ئەنجام بدەن لەبەردەمی کاپیتەڵ هیڵ.

**بە هەزاران لە کرێکارانی گەشت و گوزاری ئیسپانیا ڕێپێوان ئەنجام دەدەن لە شاری ماڕبێلە وە بۆ شاری مەلاگە**

لە سەرووی هەزار کەسەوە لە کرێکارانی بەشی گەشت و گوزاری ئیسپانیا، زیاتر لە ٦٠ کیلۆمەتریان بە پێ بڕی وەک ڕێپێوانێک لە ماربێڵەوە بۆ مەلاگە.

ئەو ڕێپێوانە لە لایەن سەندیکاکانی بەشی خزمەتگوزاری وەک: سی سی، ئۆ ئۆ ، ئێس ئێم ئێس، و یو جی تی کە هەر هەموویان سەربە سەندیکای گەورەی کرێکاری جیهانی (ئای یو ئێف)ن، سەرپەرشتی دەکرا. ڕێپێوانەکە تەنها ٣ ڕۆژی خایاند. لە ٢٥ ئایاری ڕابردوو دەستی پێکرد و لە ٢٥ئایار کۆتایی هات.

ئامانجی سەرەکی ئەو ڕێپێوانە بۆئەوە بوو کە لەگەڵ کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی بەشی




گەشت و گوزارو خزمەتگوزاری بگەنە ڕێکەوتنێکی گشتگیرو هەمەلایەنە بۆ تەواوی بەشەکانی گەشت و گوزارو خزمەتگوزاری. ئەو ڕێکەوتنە تازەیە شوێنی ڕێکەوتنە کۆنەکە دەگرێتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بەسترا، و ئێستا ماوەی بەسەر چووە. شایانی باسە کە بە پێی گرێبەستە کۆنەکە مافی کرێکارانی بە لاوازی تێدا چەسپاوەو لەو گرێبەستە نوێیەدا داوا دەکرێت کە مافەکانی کرێکاران بە باشترین شێوە بپارێزرێت.

شایانی باسە کە سەندیکای کرێکاری ئای یو ئێف سەندیکایەکی گەورەی جیهانیە کە کرێکارانی بەشی خۆراک، کێڵگەکان و میوانخانەکان لەسەرتاسەری جیهان لەخۆ دەگرێت. ئەوەش دەرکەوتووە کە بە ڕێژەی ٢٠٪ ی تەواوی کرێکارانی شاری مەلاگە لە کەرتی گەشت و گوزار دامەزراون و کار دەکەن. هەر لەبەرئەوەشە کە هەر ڕێکەوتنێکی کرێکارانی ئەم شارە سوودی دەبێت، وە دەتوانرێت وەک سەرچاوەیەک بەکار بێت لەبەرژەوەندی کرێکاراندا لە شوێنەکانی تری وڵاتی ئیسپانیادا.

**دوو ڕابەری دیاری کرێکاری بە مەرج ئازاد کران**

چەندین کەس و چالاکوان و لە نێویشیاندا دوو ڕابەری کرێکاری هەبوو کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی کازاخستانەوە گیرابوون و لە دواییدا ئازادکران؛ بەڵام بە مەرج.

نور بەگ کوشاک بایڤ و ئەمین عەلی سینۆف کە دوو ڕابەری چالاکی کرێکاری بوون و سەربە بزوتنەوەو سەندیکایەکی کرێکاری سەربەخۆ بوون وە لەلایەن حکومەتەوە خرابونە زیندانەوە ئازاد کران. ئازادکردنەکەیان بە مەرج بوو، بەڵام تەواوی تۆمەتەکانیان لەسەر هەڵگیرا. لە هەمان کاتیشدا ئەو تۆمەتانەش لابران کە خرابوونە سەر لاریسا خەرگۆڤە کە سەرۆکی سەندیکای پیشەیی سەربەخۆیە لە کازاخستان.

جێگەی باسە کە ئەو دووڕابەرە خرابوونە زیندانەوە لەسەر ئەوەی بەشداریان کردبوو لە کۆنفرانسێکی بزوتنەوەی کرێکاری (لاریسا ) ش خرابووە ژێر چاودێری وردی حکومەتەوە. هیچ کامیان بە فەرمانی دادگا بۆیان نەبوو بەشداری بکەن لە هیچ کۆڕو کۆبوونەوەیەکی کرێکاری و بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

جێگەی باسە کە زۆرێک لە ڕێکخراوە کرێکاری و سەندیکاکانی کرێکاران لەسەر گیرانی ئەو دوو ڕابەرە هاتنە دەنگ و شەقامەکانیان پڕ کرد لە نارەزایەتی. هەر بۆیەش حکومەت ناچارکرا بە بەردانیان وە هەڵگرتنی تەواوی تۆمەتەکان لەسەریان.

ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە لاریسا خەرگۆڤە، ئێستا تۆمەتەکانی لەسەر هەڵگیراوە و یاسای نیشتەجێبوونی زۆرەملێیی لەسەر لابراوە و دەتوانێت هاتوچۆ بکات.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هەر کاتێک؛ کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت و زوڵملێکراو هاتنە دەنگ لەسەر مافەکانیان ئەوا بەدەنگەوە هاتنی دەسەڵاتداران کارێکی چاوەڕوان کراو دەبێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خەڵک بێ دەنگ بێت و نارەزایی دەرنەبڕێت لەکاتی بوونی بێمافیدا ئەوا ئەو بێمافی و نەهامەتیە هەر درێژەی دەبێت و بۆی هەیە خراپتریش بێت.

**مانگرتنی پەرستاران و کارمەندانی تەندروستی لە مەراکش.**

پەرستاران و فەرمانبەرانی تەندروستی لەمەراکش دەستیان دایە مانگرتن بۆ ڕۆژی دووەم لە سەرتاسەری نەخۆشخانەکانی وڵات دەستکرا بەمانگرتن. تەنیا بەشی فریاگوزاری مانگرتن نەیگرتەوە، ئەمەش بەبێ ئەوەی داوایان لێبکرێت. داواکاریەکانیان لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە قەرەبووی مەترسیەکانی کارەکەیان بکرێت، و پەرستیارە بێکارەکان بخرێنە سەرکار، کە ژمارەیان دەگاتە ٥ هەزار پەرستاری ژن و پیاو. هەروەها تازەگەری لە لیژنەکانی پیشەی تەندروستی بکرێت بەهەمان شێوەی پیشەکانیتر.

پەرستارەکان هەست بە کەمی قەرەبووە مالیەکان دەکەن لەبەرامبەر مەترسی کارەکانیان. سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی دەبنەوە، هەروەها هەست بەچەوسانەوە دەکەن لە مەرجەکانی پلە بەرزکردنەوە. بەپێی یاسا پەرستار دەبێت چاوەڕێی ٦ ساڵ بکات تاوەکو پلەی بەرزدەکرێتەوە.

**کرێکارانی دەزگای نەوت ماندەگرن و بەرهەمهێنان دەوەستێنن.**

کرێکارانی دەزگای...

نەوتی سەر بە کۆمپانیای دابەشکردنی وزە، مانگرتنێکی کراوەیان دەستپێکرد، بەمجۆرە زۆرێک لە یەکەکانی کۆمانیای دابەشکردن لە پایتەخت و باتنە و مەعەسکەر لەکار کەوتن و کە بەرهەمهێنان تیایاندا دەگاتە ١٨ هەزار یەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی کورتهێنانی زۆر لە تێرکردنی بازاڕ بە غاز. کرێکاران بڕیارەکانی ئەم دواییەی کۆمپانیاکەیان ڕەتکردەوە کە بەدژی ئەوان دراون. کە تیایدا بێبەشیکردوون لە دانی خواردن، ئەمەش بڕیارێکیترە بەدژی ئەوان. هەروەها نەبوونی سەرەتاییترین ماف لەسەروی هەموویانەوە نەبوونی پلەبەندی بەسەرکەوتنی کرێ و مووچەی لەخواریان، کە لەبەرامبەر ئەو هەمووکارەدا نییە کە ئەوان ئەنجامی دەدەن. بە بەراورد لەگەڵ پۆلیسی کۆمپانیای نەوت زۆر خراپتر و لەخوارترە. بەهۆی کارکردی مانگرتنەکە لەسەر گەیاندنی وزە بە هاووڵاتیان، کرێکاران داوایان لە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە کرد بۆ پێویستبوونی دەخالەتی ئەو لە چاوخشاندنەوە بە پلەبەندی مووچە و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەم دواییە، هەروەها چاکردنی باری مادی کرێکاران و یەکسانکردنیان لەگەڵ دەزگای دابەشکردنی سووتەمەنی، لەگەڵ فەراهەمکردنی هەموو مافەکانی کە کرێکارانی کۆمپانیاکە لێی بەهرەمەندن.

**پۆلیسی ئیتالیا ٥ ڕۆمانی دەستگیر دەکەن، بەتۆمەتی ئیستیغلالکردنی کرێکاران بەبێ پێدانی کرێ.**

ڕۆژی ٤شەممە ٦/٤/٢٠١٨ پۆلیسی ئیتالیا ٥




کەسی دەستگیرکرد بە تۆمەتی ئیستیغلالکردنی کەسانی خەڵکی ڕۆمانیا بۆ کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان و لەشفرۆش بەبێ پێدانی کرێ پێیان. بەپێی قسەکانی پۆلیسی شاری ڕغوس لە ناوچەی سەقەلیە، لەناو ئەوکەسانەی ئیستیغلال کراون کەسانی بەتەمەن و منداڵکار هەبوون. بەپێی لێکۆڵەرەوەکان ١٣ لەو کرێکارانە هەندێکیان نەخوێندەوار و بێلانە بوون، و هەڵیان خەڵەتاندوون بەهێنانیان بۆ ئیتالیا بۆ کارکردن بەپارەی باش. پۆلیس ئەوەشی زیادکرد کە ئەوکرێکارانە خواردنی بۆگەن و بەسەرچوویان پێداون، و جلوبەرگی سەر زبڵدانیان پێداون و لەخانووی بێ گەرمیدا دایان ناون.
بەرپرسی پۆلیس( ئەنتۆنیۆ کیافولا) ڕایگەیاند؛ کە کچە منداڵکارەکانیان ناچارکردوە بە لەشفرۆشی، هەروەها توندوتیژیان لەبەرامبەردا بەکار هاتووە، بەتایبەت ئەوانەی هەوڵی ڕاکردنیان داوە، تائەوەی یەکێکیان توانیویەتی پۆلیس ئاگاداربکاتەوە. وابڕیارە کە دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەستگیرکراوەکان بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئسیتیغلالکردنی سێکسی منداڵکارەکان.

# کێن ئەوانەی بێ ویژدانن؟ ئەدی کێن ئەوانەی ویژدانیان زیندووە یاخود ویژدانیان مردووە؟!

# دەربارەی بە کارهێنانی ویژدان و بە کارنەهێنانی لە دەنگداندا بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردوستان!

**نووسینی: شوان عەزیز**



من، شوان عەزیز ، ئەو جارە بێ ویژدان دەرچووم چونکە دەنگم نەدا، بەڵام لە ڕیفڕاندۆمەکەدا چونکە دەنگم دا ویژدانم هەبوو ! ئایە ئەمە ڕاستە؟

بوون و نەبوونی ویژدان لە کەسێکدا، وەک زۆر شتی تر، بە بڕوای من، ڕێژەییە. بە کێ دەگوترێت ئەو کەسە ویژدانی زیندووە؟ ئەدی ئەو کەسە کامەیە کە ویژدانی خەراپە؟ چاک و باشی ویژدان لە چیدایە و کێ دیاری دەکات؟ من لە دیدی تووە بێ ویژدانم، ڕێک پێچەوانەکەشی هەر درووستە. واتە چاوەکانی منیش تابڵێی بەبێ ویژدانی تۆ دەبینن.

پلکە ڕیحان ویژدانی خۆی بەکار دێنێت و پڕ بە گەرووی بێ ئەوەی ماندوو بێت هاوار دەکات: بە خولای من ویژدانی خۆم ئاسوودە دەکەم و دەچم دەنگ بە لیستەکەی مامە دەدەم. لیستی مامەی هەموان و لیستی حیزبی شەهیدان. لیستی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان!. لێرەدا پورە ڕیحان ویژدانی خۆی بە زیندووی و بە باشی دەبینێت و هەر بۆیەش دەنگ بە یەکیەتی نیشتیمانی کوردوستان دەدات.

مام عەبوبەکریش بەهەمان شێوەی پلکە ڕیحان و لەسەر هەمان ڕەتم نەڕەو هاواری چەندین گردو شاخ و کێوان دەبڕێتو دەبێژێت: خەڵکینە من خۆم خەجاڵەتی بەر قاپی خودا ناکەم و ویژدانم دەخەمە گەڕوو لەو دەنگدانەشدا هەر دەنگ دەدەمەوە بە پارتی دیموکڕاتی کوردوستان. ئەو دەڵێت دەنگ دەدەم بە لیستەکەی باوکی ڕوحی میللەتی کورد. ئەو دەنگی خۆی دەداتە سەرۆک بارزانی کوری مەلا موستەفاو پێشمەرگەی دێرین. بۆیە مام عەبوبەکریش پێی وایە بەو دەنگدانە ویژدانی خۆی ئاسوودە دەکات بەوەی کە کارێکی درووست دەکات دەنگ بەسەرۆک بارزانی دەدات.

کاکە جوامێری وەستا بەکریش زۆر داخی لەو سیستەمەیە کە پاشەکەوتی مووچەی داهێناوە. ئەو دەیەوێت لە ڕەگەوە بیگۆڕێت.!

لە دیدی کاکە جوامێریشەوە کاتێک ویژدانی ئیسراحەت دەکات کە دەنگی خۆی بداتە لیستەکەی کاکە نەوە. کاکی هەموان، کاکی نیو سەدە خەبات، کاکە نەوەی ئەندازیاری ڕاپەڕینەکەی ساڵی ٩١، کاکە نەوەی باوکی هەژاران و هەتوانی دڵ بریندارنا. بۆیە ئێستا کاکە جوامێر تەنانەت کێشەی بێخەویشی چارەسەر بووە چونکە ویژدانی بە باشی بەکارهێناوە.

مامەوڵای پشت کەندەسووریش هەر ڕاست دەبێتەوەو پێی وایە ئەگەر دەنگ بە شێرەکەی شارەزووور نەدات ئەوا هیچ خەبەرێکی لە مێژووی شۆڕشی پارتیزانی و مەفرەزە سەرەتاکانی کوردستانی پاش نسکۆ گەورەکە نییە. بۆیە بە وشیاریەوە مامەڵە لەگەڵ ویژدانی خۆی دەکات و دەنگ دەدات بە لیستەکەی کاکە حەمە. ئا لێرەوە مامەوڵا تەنانەت مرومۆنی جارانیشی نەماوە چونکە ویژدانی زیندووی خۆی بەکارهێناوە. چونکە دەنگی بە لیستەکەی کاکە حەمە داوە.

کاکە عبدول ڕەزاق و جیهادی عەبدولباری و عەبدول موهەیمەنی وەستا عەبدول قەهاریش بەیەکەوە بڕیاریاندا لە بەر خاتری خودای لا مەکان دەنگ بدەنەوە بە لیستەکانی پاشکەوتووی ڕێبازی خوداو پێغەمبەرەکەی. ئەوان پێیان وایە بەم دەنگ دانەیان لەلایەک دڵی خودا لەخۆیان ڕازی دەکەن و لەلایەکەی تریشەوە ویژدانی خۆشیان بە دروووستی بەکاردەهێنن.

نینای مام هەژاریش زۆر لە خۆڕادیوانەو سەربەرزانە دێتەپێش و وای دەبینێت کە نینا کاتێک وەدوکەوتەی شۆڕشی بەڵشەفیکە کە دەنگی بە حیزبی فەهدوقوتابیەکانی بدات. ئەو پێی وایە هەر ئەوانن کە چەوساندنەوە بنەبڕ دەکەن، نەک هەر لە عێراق و کوردوستاندا بەڵکو لە جیهانیش دا. نیناش بە ویژدانێکی زیندووەوە دەنگ بە لیستەکەی فەهد دەدات.

لاوەو خەزاڵ و سمکۆش وا دەزانن دوێنێی ئەم دنیایە هەمووی لەسەر هات و هووش بنیات نرایە. ئەوان دەڵێن ڕابردوو ئیتر لە کوێیە؟ ئەوان لێی بە ئاگا نین و ئیتر نۆبەی نەوەی نوێیە!! ئەوان دەڵێن ویژدان کاتێک ئاسوودەیە گەر دەنگ نەدەن بەو نەزمەیە. ئەوان دەڵێن مووچە، پارە، یا دەرماڵە! هەمووی ڕۆیی و خەتاکەشی دەیخەنە مل جووت بنەماڵە. ئەو سێ گەنجە دوێنێ نەدیو دەنگ نادەنە نەوەی بەزیو. ویژدانی خۆ زیندوو دەکەن. ڕاپەڕینێک بەرپا دەکەن.

شوانەی بێ مەڕ، بێ بزن و گا! بێدەرەتان لەم لاو لەولا! نووسەری ئەم چەند دێرەیە! ناتوانێت بڵێ لەو پێرەیە!... شوانەش سەرەتا دەنگی بە لیستەکەی کاکە مەسعود دا بۆ سەربەخۆیی کوردوستان. شوانەش بە دەنگەکەی خۆی لە ڕیفراندۆمی ٢٥-٩-٢٠١٧دا چووە سەر سندوقی دەنگدان و وتی دەنگی خۆم بەسەربەخۆیی دەدەم بۆ نەتەوەی کورد.. شوانە پێی وابوو ئەگەر کورد سەربەخۆ بێت ئیتر ئەو کارتە بە هێزەی ڕاوەڕووت و گەندەڵی و دزی و خوێنڕشتنەی کە لە ئارادایە بۆ چەندین دەیە لەژێردەستی ئەو گرووپانە دەهێنرێتە دەر کە چەندین ساڵە نانی سیاسەتی پێوە دەخۆن. شوانەش لەو دیدگایەوە ویژدانی خۆی ئاسوودە دەکات و دەنگی بەسەربەخۆیی دا. وەلێ زۆری نەبرد شوانەش دەنگەکەی وەک هەزارانی تر بە فیڕۆ ڕۆیی و بەکاریان هێنا. بە واتایەکی تر وەک نەوتەکە دزرا.!

شوانە پێی وابوو ئەگەر نەچێت بۆ دەنگدان بۆ ڕیفراندۆمەکە، ئەوا کاک مەسعودو تاقمەکەی لێی دەکەونە تەقەو بە دژە سەربەخۆیی و ڕەنگە خەراپتریش ناوزەدی بکەن لە ناو خەڵکدا.. بۆیە ئەوەش هەم ترس و هەم هۆیەک بوو بۆ چوونی هاوڕێ شوان بۆ دەنگدان لە ڕیفراندۆمەکەدا.

شوانە بەدەرس وەرگرتن لە ٢٥-٩-٢٠١٧ چونکە کاک مەسعود سەربەخۆیی ڕانەگەیاند ئەوجارە شوانە لە دەنگدانی ١٢-٥-٢١٨دا هەر نەچووە سەر سندوقی دەنگدان. دەزانن بۆ؟ شوانە دەڵێت چونکە دەنگدان هەمووی فشەیەو دەنگەکانمان وەک پارەی نەوت و گومرگەکان و پاشەکەوتەکان دەدزرێت. بۆیە شوانەو نیوەی زیاتری خەڵک دەنگیان نەدا.

هەموو ئەوانەی کە دەنگیان نەداو نەچوونە سەر سندوقی دەنگدان، بە بێ ویژدان دەبینرێن لەلایەن ئەوانەی کە دەنگیان داوەو چوونەتە سەرسندوقی دەنگ دان. تەنانەت ئێستا شوانەش هەر بێ ویژدانە.!

ئێستا دەبێت کێ ڕاست بکات؟ من پێم وایە هەر هەموومان ڕاست دەکەین. هەم بێ ویژدانین وە هەم بە ویژدانین لەیەک کاتدا. لای من تۆ بێ ویژدانی و لای تۆش من. کەواتە هەر هەموومان هەم ڕاست و هەم ناڕاستین.

کێ دەتوانێت یەکلایی بکاتەوە ئاخۆ کام لەو هەموو لایەنانە ڕاستن. ئایە دادگا دەتوانێت؟ نەخەیر هەرگیز. دەزانی بۆ؟ چونکە ئەویش بێ ویژدانەو ویژدانی دادگایان دەمێکە دزیوە.

ئیتر ئاوێ بینەو دەستان بشۆ..

**تێبینی: ئەو ناوانەی کە لێرەدا هاتوون هەمووی ناوی خوازراون بێجگە لە ناوی سەرکردەی حیزبەکان!**

٣٠-٥- ٢٠١٨

## درێژەی... مایاكۆڤسكی گەورەترین شاعیری سیاسی سەدەی بیستەم، شاعیری شۆڕشی ئۆكتۆبەر


بیستەمە. یەكەمین شیعر كە نووسرا بێت بۆ لینین مایاكۆڤسكی نووسیویەتی لەساڵی ١٩٢٤ دا ئەو ساڵەی كە بنیاتنەری دەوڵەتی سۆڤیەت مرد. ئەو دەڵێ: "هەرگیز هێندە ئارەزوومەند نەبووم كەلێم تێبگەن بە ئەندازەی ئەم شیعرە، ئەگونجێ گرنگترین كارێك بێت كە تائێستا پێی هەڵسابم".

گەورەترین كاری شیعری مایاكۆڤسكی شیعرێكە بۆ مرۆڤێكی گەورە نووسراوە كە "لینین"ە. بۆ رۆڵ و گرنگی كار و چالاكیەكانی لینین لە شۆڕشی گەورە و جیهانی ئۆكتۆبەر و رۆڵی ئەو لە دامەزراندنی حزبدا نووسیوە. بەم شیعرەی میتۆدی ریالیزمی سۆسیالیستی بەشێوەیەكی پراكتیكی پیادەكرد. مایاكۆڤسكی... ویستی ئەو هۆنراوەیە... لەكاتێكدا بنووسێ كە لینین هێشتا لەژیاندا بوو. بەم شیعرەی مایاكۆڤسكی توانای شۆڕشگێرانەی دەركەوت و دەستی كردە نەشونماكردن. ماتریالی دەوڵەمەندی ئەم هۆنراوەیە مێژووی تێكۆشانی پرۆلیتاریایە لە سەرەتاكانیەوە بۆ سەركەوتنی لە وڵاتێكدا كە یەك لەسەر شەشی گۆی زەوییە. لەم هۆنراوەیەدا مایاكۆڤسكی بەشێوەیەكی سمبولیكی (رەمزی) باس لە ژیان و كارەكانی لینین دەكات و ستایشی هەست و نەست و تێڕوانینی مرۆڤی كرێكاری ئاسایی دەكات كە لە شۆڕشدا لەدایك بووە و گەورە بووە. ئەم هۆنراوە زۆر بە راست و دروستی ناوی "حەماسەی پرۆلیتاریا' 'ی لێنرا. ئەو ئازارە قووڵەی بەهۆی مەرگی رابەری خۆشەویستەوە تیا دروست بوو بووە هۆی پاڵنەر و ئیلهام بەخش.

مایاكۆڤسكی لەم هۆنراوەیەدا دەپرسێ: ئەم پیاوە كێ یە، لە كوێوە هاتووە و چی كردووە كە بۆتە هۆی ئەم ئازارە قووڵە لەناو خەڵكدا لەتەواوی دونیادا؟ مایاكۆڤسكی بەشێوەیەكی شیعری وەڵام دەداتەوە بەم پرسیارانە لە سێ سروودی شیعری بۆ كەسایەتی لینین دەنووسێ لەڕێگەی پەیوەندیەكی ئۆرگانیكی بە پرۆلیتاریای روسی و جیهانی و حزبی بەلشەفی لەگەڵ جەماوەری خەڵك و مێژوودا.

بۆ شاعیرێكی ڕیالیزمی سۆسیالیستی، دیالەكتیكی گەشەكردنی مێژوویی ئاڵوگۆڕی سیستەمی كۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشكرایە.

مایاكۆڤسكی دەڵێ ئەو كەسەی كە ئەو مەبەستیەتی لەم هۆنراوەیەدا لینینە، مرۆڤی سەردەم و رۆژگاری سۆسیالیزم. ئەودەڵێ كە لینین خوڵقێنەرێكی هوشیارانەی مێژوو بووە، رابەر و لیدەرێك لەچەشنێكی تر




چەشنێكی نوێ، ژیانی ئەو بەمەرگی ئەو كۆتایی نایەت. هەروەها باس لە لینین دەكات و ئەڵێت: لینین مرد، بەڵام خەڵك بەردەوامن دەژین، كۆمۆنیزم زیندووە و بەردەوام ئەبێت. تەنانەت مەرگی ئیلیچ، بۆتە ڕێكخەرێكی گەورەی كۆمۆنیستی.

" ئازار و داخ و ناسۆرە لای مایاكۆڤسكی دەگۆڕێ و دەبێتە گەشبینییەكی شۆڕشگێڕانە. لینین لە دڵی پرۆلیتاریای تەواوی دونیادا دەژی و داوای شۆڕشێكی جیهانی دەكات".

هەروەها دەڵێ:

"پرۆلیتاریا ڕیزەكانی دوایین جەنگ و
نەبەرد پێك بێنن
پشتتان ڕاست كەنەوە
ئەژنۆتان ڕێك كەنەوە
سوپای پرۆلیتاریا:
ریزەكانتان لێك نزیك كەنەوە.
بژی شۆڕشی خۆشی و شادی كە بە
زوویی دێت
ئەمە مەزنترین
جەنگی گەورەیە كە مێژوو **ناسیبێتی**

گرنگی و ئەهمیەتی ئەم هۆنراوەیە تەنها لە رەنگدانەوەی بەهای بەرزی هونەری ژیانی لینین و مێژووی پرۆلیتاریادا نییە، بەڵكو دەربڕینێكی بەهێزی هەست ونەستی قوڵی خۆشەویستی ئەوە بۆ رابەر و شانازی پرۆلیتاریا و كینە بەرامبەر چەوسانەوە و ستەمی بۆرژوازی. **هەروەها باوەڕی لەبن نەهاتووی بە سەركەوتنی مێژوویی پرۆلیتاریا.** ئەم شیعرەی مایاكۆڤسكی داستانێكی حەماسی بەشێوازێكی ئۆرگانیك داڕێژراوە. ئەم شیعرە لەڕێگەی زمان و ریتم و هۆكاری ترەوە دادەنرێ بە تازەگەری و داهێنان لە ڕیالیزمی سۆسیالستی و بەرهەمێكی لەیاد نەچووە بۆ لینین و حزبی بەلشەفی و چینی كرێكار و شۆڕشی پرۆلیتاریا. ئەم شیعرەی مایاكۆڤسكی دادەنرێ بەهەرە بەهێزترین كارە شیعریەكانی. مایاكۆڤسكی دادەنرێ بە یەكەمین و گەورەترین نوێنەری شیعرو هۆنراوەی سۆسیالیستی. یەكێك لەسەرەكیترین خاڵی داهێنانی ئەم

شاعیرە بریتیە لە خولقاندنی قارەمانی حەماسی. ئەم قارەمانەش شاعیر خۆیەتی كە هاوڵاتی نوێی یەكەمین دەوڵەتی پرۆلیتاریە، شۆڕشگێڕێكی هوشیار، ڕوخێنەری دونیای كۆن و بنیاتنەری دونیایەكی نوێ.

شاعیر، بانگەواز دەكات بۆ جەنگێك، بۆ قوربانیدان و سەركەوتن بەنێوی كۆمۆنیزمەوە. مایاكۆڤسكی شیعر ناودەبات بە "ڕێگە بەرەو كۆمۆنیزم". مایاكۆڤسكی كارێكی گەورەی كرد بۆ دەوڵەمەندكردنی زمانی شیعری. ئەو چوارچێوەی زمانی شیعری كۆنی تێكشكاند و وشە و زاراوەی زیندوو و درەوشاوەی تیا گونجاند، داهێنانی دەربڕینی جوان و ڕازاوە. وشەی نوێی داهێنا بۆ دەربڕین لە ئاڵوگۆڕی قوڵی ئابووری و كۆمەڵایەتی. لەڕێگەی واژە و بیرۆكەی كورت و بچوكەوە هێزی جوڵێنەری شۆڕشی خستەڕوو. شیعری مایاكۆڤسكی دادەنرێ بە سمبولی تازەگەری و داهێنان و بەرین بوونەوەی بێ سنووری ئەركەكان و ئیحتمالەتەكانی شیعری ریالیزمی سۆسیالیستی.

مایاكۆڤسكی لە ساڵی ١٩١٧دا كە تەمەنی ٢٤ ساڵ بوو، تەواوی ئەزموونی ئەدەبی خۆی سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەكان لە روسیادا لە دووتوێی كارێك دا بەناوی "شۆڕشەكەم" نووسی. مایاكۆڤسكی شوڕشی ئۆكتۆبەر ناودەنێ "شۆڕشەكەم" هەروەها دەڵێ كە "شاعیری شۆڕش تەنها خۆی نابەستێتەوە بە نووسینی كتێبەوە". جگە لە شیعر وهۆنراوە ڕوویكردە شانۆ و تیئاتر و سینەما. زیاتر لە دوانزە سیناریۆی فلیمی نوسیوە. پاش سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەر ئەركی مایاكۆڤسكی بەرگریكردن لە شۆڕش و هێرش كردنە سەر وردە بۆرژوازی دەبێت.

كاری تەنزئامێزی مایاكۆڤسكی سەرەتا دژ بە دوژمنانی دەرەكی دەبێت و لەو باوەڕەدا دەبێت كە بیر و فیكری شۆڕشی ئۆكتۆبەر دەبێت بەرگری لێ بكرێ لەدەست وردە بۆرژواكان.

Vlaadimir Mayakovsky , inush Idrizi, Vangjush Ziko and Anastas Kapurani: ‘Foreign Literature’, Part Two, The Albanian Society, Ilford, 1987. Translated from the Albanian by William Bland.

Vlaadimir Mayakovsky Poems, Translated by Dorian Rottenberg. Printed in 1972 USSR.

سەرەتای حوزەیرانی ٢٠١٨

## درێژەی دوا وتە....

هێشتا ئەو كۆبونەوە و تەنانەت رێكەوتننامە گشتیەش،.. بۆ ئاساییكردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەمریكاو كۆریای باكور و هاوكات هەردوو كۆریا لەگەڵ یەكتری و بەڵێندان بە لەبەینبردنی چەكە ترسناكەكان، ناتوانیت دنیا لە خەتەری جەنگی ئەتۆمی و جیهانی و ناوچەیی رزگاربكات، راستیەكی حاشاهەڵنەگرە...

تا ئەوكاتەی یەكێك لە پایەو روكنەكانی ململانیی وڵاتە سەرمایەدارییەكان و قوتبە گەورەكان، خۆ پڕچەك كردن بێت، هەڕەشەی جەنگ بێت، دەستێوردان لە وڵاتانی ئاڵۆزكاوی پركێشەی سیاسی و كێبەركێی چەور و زبر بێت، پەنابردن بۆ رێگاچارەی سەربازی، جێگای رێگاچارەی ئاشتی و دیبلۆماسی بگرێتەوە، وە تا ئەوكاتەی جەنگ وەكو رێگایەك بۆ كۆنترۆڵی بازاری سەرمایەو دەستبەراگرتنی دەستی كاری هەرزان بێت، وە جەنگ بە وێنەی یەكێك لە كەناڵەكانی قەرەبووكردنەوەی ئەزمەی نیزامی سەرمایەداری لێی بڕوانرێت... دنیا ناتوانیت ئارام بێت و دانیشتوانی گۆی زەویش خاترجەم بن.

رێكەوتنی سەرەتایی و گشتی ئەمریكاو كۆریای باكور، لە ئیستادا، لەگەڵ ئەوەدا هەنگاوێكی ئیجابی و دوركەوتنەوەی سایەی جەنگێكی خوێناوی وێرانكەرە..." ئەگەر بە ریكەوتننامەكەوە پابەند بن" بەڵام هێشتا بەشی هەرەزۆری دنیا، لەسەر دەستی خودی وڵاتانی زلهێزی وەكو ئەمریكاو روسیاو هاوپەیمانە جیهانی و ناوچەیەكانیان، لەرێگای شەری راستەوخۆ و بە وەكالەتەوە... دەرگیری جەنگە. جەنگ و كێشمەكیش، لە ئەمریكای لاتینەوە بۆ بەشێكی زۆری وڵاتانی ئەفریقاو ئاسیا... مۆتەكەیەكەو دەستی ناوەتە بینەقاقای ملیۆنان ئینسانەوە.

جەنگ و دەستێوەردانی سەربازی و هەڕەشەی جەنگ... تا ئێستا لۆژیكی زاڵی نیزامی سەرمایەدارییە بۆ كۆتاییهێنان بە ئاریشە سیاسی و ململانێی زبرە وڵاتی و نەتەوەیی و دەوڵەتەكانی دەرگیر بە كێشەكان.

رۆڵی ئەمریكاو غەرب و روسیا لەكیشەكانی دنیادا، رۆڵی بەبارمتەگرتن و بە سەرمایەكردنی ئەو كیشەو ململانیانەیە بە مەبەستی داسەپاندنی هەژموونی و كوێخاتەتی بەسەر دنیا بە قازانجی خۆیاندا...

كۆتاییهێنان بە خەتەری جەنگ، و ململانێی خۆ پڕچەككردن،... لە ڕێگای كۆبونەوەی سەركردە لۆمپنەكانی سەرمایەوە بەشوێنێك ناگات...بۆئەوەی وڵات و زلهێزە لە چەكە ترسناكە هەڵكێشراوەكان، چەكەكانیان دابماڵن، جەنگ لۆژیكی وەڵامدانەوە بە گرژی و ناكۆكیەكان نەبێت، پێویستە ئۆردوی ئینسانی هەراسان لەجەنگ و نائەمنی، بێتەدەنگ و بێدار بێتەوە... بەبێ هەستانی ئەو غولە و راسانی لە ئاستی فراوانی كۆمەڵایەتی و جیهانیدا، جیهان هەر لەبەردەم وێران بوون و جەنگی قوتدانی دنیادا، دەمێنێتەوە.

## درێژەی.... سەری ئەو بۆگەناوە دابخەن...

دەنگ و رەنگی نەشازی سەردەمین، پیویستە مینبەریان لێ یاساغ بكرێت. وە لەسەر ئەو سوكایەتی و بێرێزیانە كە بەرامبەر بە ژنان و لە ژێر ناوی مقدەسساتی ئیسلامیدا بە بەرەی ئازادیخواز و لایەنگرانی مافە فەردییەكان و لەوانەش مافەكانی ژنانی دەكەن، بدرێتە دادگا!! بۆ ئەوەی سزای یاسایی!! بدرێت.

بیگومان دەسەڵاتی سیاسی لە كوردستاندا، بەرپرسی سەرەكییە لەسازكردنی ئەو ژینگەیەی، بەچكە بانگخوازی محمەدی و داعشی وەكو مەلا مەزهەر بەرهەم دەهێنێت... مەلا مەزهەر و هاوشێوەكانی دەبێ دەمیان دابخرێت.. تا دەم لە سوكایەتی و بێریزی بە ژنان و مافەكانیان نەكوتن... دیارە دەم داخستنی ئەم مەلایانەو كلۆمدانی میبەرەكانی ژەهراو رشتنیان، لە مینبەری مزگەوتەكانەوە تا رادیۆ و تەلەفزیۆن و ... بە بێ گوشاری فراوانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و بەرەی پیشكەوتنخوازی كۆمەڵگە لە تواناداا نییە، دەسەڵات كە خۆی دەسەڵاتێكی تژی لە كۆنەپەرستیەو سەرچاوەی یاساكانی لە شەعدایە، بە خۆشی خۆی ئامادەی كاردانەوە نییە لە بەرامبەر بە رەوتە ئیسلامیەكان و ئەو مەلایانەی سوكایەتی بە ژنان و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەكان دەكەن... بۆیە پیویست بە وەریخستنی بزوتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی فراوان دەكات... تا ئەو بزوتنەوەیە نەبێتە گوشاری واقعی، بۆگەناو و ژەهراوی رەوتە كۆنەپەرستان و مەلا مەزهەرەكان، بەردەوام دەبێت...

سالی دووەم ژمارە (30) 15/6/2018 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد


نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدوڵا مەحمود، سالار حەمە سەعید، شوان عەزیز، عەبدلرحمن ڕەسوڵ، ئاراس ڕەشید

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

# مایاکۆڤسکی گەورەترین شاعیری سیاسی سەدەی بیستەم، شاعیری شۆڕشی ئۆکتۆبەر
# مایاکۆڤسکی شۆڕشگێر و سۆسیالیست وشاعیر و نیگارکێش

نووسینی: سالار حەمە سەعید



شاعیری بەناوبانگی ڕوسی " ڤلادیمێر مایاکۆڤسکی" دادەنرێ بە گەورەترین شاعیری سیاسی سەدەی بیستەم. ریالیزمی سۆسیالیستی دەروازەی قۆناغێکی نوێی کردەوە لە شیعری ڕوسی وجیهانیدا لەڕێگەی هۆنراوە وشیعرەکانی مایاکۆڤسکیەوە. مایاکۆڤسکی لە ساڵی ١٨٩٣ لە گوندێک لەدایک بووە بەناوی (بەغدادی) کە ئێستا ناوی (مایاکۆڤسکی) یە لە جۆرجیا. کاتێ کە لەقوتابخانەی ئامادەیی دەیخوێند چووە ناو یەکێک لە حەلقە مارکسیستیەکانەوە و دەستی کردە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی کە خوشکەکەی لە مۆسکۆ وە دەیهێنا. دواتر پاش ئەوەی باوکی مرد چووە مۆسکۆ و لەوێ نیشتەجێ بوو یەکێک لەقوتابییە بەتەمەنترەکان کەلەگەڵیدا دەژیا لەیەک خانوودا ڕازیکرد کە کارەکانی مارکس و ئەنگڵز و لینین بخوێنێتەوە. باسی حزبی بەلشەفیکیان دەکرد و ڕۆڵی لینین لەو حزبەدا وەک رابەری پرۆلیتاریای ڕوسی لەگەڵ کتێبەکانی قوتابخانەدا کتێبی " ئەنتی دۆهرینگ"ی ئەنگڵزی هەڵگرتبوو. خۆشترین ساڵ بەلای مایاکۆڤسکییەوە ساڵی ١٩٠٨ بوو ئەویش لەبەرئەوەی ئەو ساڵە پەیوەندی کردووە بە حزبی سۆسیالیستی دیموکراسی ڕوسی کە لینین رابەری بووە. وەک ئاژیتاتۆر (مورەوج) و بڵاوکەرەوەی بڵاوکراوەی نایاسایی کاری سیاسی کردووە لەژێر ناوی "هاوڕێ کۆنستەنتین". یارمەتی هەندێ لە شۆڕشگێڕانی داوە کە لە زیندان هەڵێن. لەم کاتانەدا مایاکۆڤسکی ئاشنا بووە بە کرێکاران بە هەست ونەستیان بە بیر وتێڕوانینیان. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٨ بۆ ١٩١٠ سێ جار دەستگیرو زیندانی کراوە , بەڵام زیندان نەیتوانیووە باوەڕی ئەو بە سەرکەوتنی شۆڕش بلەرزێنێ.

بە ئومێد و ئارەزوویەکی نوێوە لە زیندان دێتەدەر و بڕیاری دەدا و دەڵێ "دەمەوێ هونەرێکی سۆسیالیستی بخولقێنم". مایاکۆڤسکی لە نێوان شیعر و نیگارکێشی دا دوودڵ و ڕاڕا دەبێ. هەر لەمناڵیەوە شیعر وهۆنراوە جێگەی سەرنجی بوو کە لەبەری بوون و دەیگوتنەوە بە شێوەیەکی زۆر جوان. بۆ یەکەمین جار لە زینداندا لە ساڵی ١٩٠٩ قەڵەمی دەستی تاقیکردەوە، بەڵام زیندانەوانەکە کەشکۆڵی شیعر وهۆنراوەکانی لێ زەوت کرد. جگە لە شیعر نووسین توانای نیگارکێشانیشی هەبوو زۆر کات خەریکی کێشانی وێنەی هاوڕێکانی بوو. مایاکۆڤسکی چووە قوتابخانەی هونەرەوە لە مۆسکۆ و قوتابییەکی سەرکەوتوو بوو. لەساڵی ١٩١٢ یەکەمین هۆنراوەی بڵاوکردەوە. مایاکۆڤسکی بەوپەڕی تواناوە دژ بە بنەماکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەجەنگا. مایاکۆڤسکی شیعرێکی حەماسی ( لیریکی) ی درێژ بە درێژایی ٣٠٠٠ دێڕ دەنووسێ دەربارەی " ڤلادیمێر ئیلیچ لینین". ئەم شیعرە دوابەدوای مەرگی لینین نووسراوە. زۆر بە حەماس و شانازیەوە داستانی ڕابەری بەلشەفی دادەڕێژێ. ئەم شیعرە بەشێوەیەکی ڕۆژنامەوانی، گفتووگۆی ئاسایی و ئاسایی خەڵک وتراوە. ئەم شیعرە تۆمارێکی بێ وێنەی شۆڕ و شەوقی یۆتۆپیانەی ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشە. لەم شیعرەدا هۆشداری دەدات کە نابێت لینین ببێتە پەیکەرێکی پیرۆز یا ئایکۆنێک بۆ پەرستن. ئەم کتێبەی مایاکۆڤسکی گرنگترین و پڕبایەخترین کارەکانی مایاکۆڤسکی یە، هیچ کتێبێکی هێندەی ئەم کتێبە لە تیراژ نەدراوە. ئەم پەڕتووکە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بە ئینگلیزی لە چاپ نەدرا. ئەم پەڕتووکە تا ئەندازەیەکی زۆر بە نەناسراوی و بێ ناوی مایەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. لە کاتێکدا مایاکۆڤسکی بە شاعیری خۆشەویستی و **ڕۆمانس** ناسراوە. بەپێی دۆریەن ڕۆتنبێرگ **(کە وەرگێری شیعرەکانی مایاکۆڤسکیە بۆ ئینگلیزی)**، مایاکۆڤسکی گەورەترین شاعیری سیاسی سەدەی...

بۆ لاپەڕە ١١

دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە
28-6-2008

## دواستوون

# ترمپ و کیم جۆن ڕێکەوتن و دنیاش لەژێر هەڕەشەی نابود بووندایە!!

عەبدوڵا مەحمود

سێ شەممە کە دەکاتە ١٢/٦/٢٠١٨ هەر یەک لە دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکاو کیم جۆن ئۆن سەرۆکی کۆریای باکور، دوای دەیان دەهە لە ململانێ و کیبەرکێی بەرزو نزم، کۆبونەوەیەکی لوتکەیان لەیەکێک لە ئوتێلە گرانبەهاکانی دورگەیەکی سەنگاپوور ئەنجامدا. لە کۆتاییدا یاداشتی لێک تێگەیشتینێکی گشتی هاوبەشیان، واژۆ کرد.

بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان، پرسە سەرەکیەکانی کۆبوونەوەکە، داماڵینی چەکە ئەتۆمیەکانی کۆریای باکور، کەمکردنەوەی کێشەکانی نیمچە دورگەی کۆریا، کۆتاییهێنان بە دەستووەردانی ئەمریکا لەناو کۆریا و پاراستنی، کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا لەو نیمچە دورگەیە...تاد.

ئەم کۆبونەوەیە بە کۆبونەوەی مێژوویی!! لەقەڵەم درا... کۆبونەوەیەک کە دوای کێبەرکییەکی توندی نێوان دوو وڵات هات، کە پێشتر هەڕەشەی سرینەوەی یەکتریان لەسەر هەسارەی زەوی دەکرد.

بەدوای کۆبونەوەکەش هەریەکە لەترەمپ و کیم جۆن، کۆبونەوەکەیان بەسەرکەوتوو و هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی نوێ و سپاردنی گرژەیەکانی پێشوو بە مێژوو... لەقەڵەمدا. هاوکات هەریەکە لە بەرپرسانی روسیا و چین، خۆشحاڵی خۆیان بە ئەنجامدانی کۆبونەوەی لوتکە دەربری.

بێگومان کۆبونەوەی ترمپ و کیم جۆن... وەکو سەرۆکی دوو وڵاتی لەچەکی ئەتۆمی و ویرانکەر هەڵکێشراو... بەڵێنی کیم جۆن بۆ لەناوبردنی چەکە ترسناکەکان، لەوەش واوەتر هەر هەنگاوێک لەراستای کەمکردنەوەو داماڵینی وڵاتە زلهیزو ناوچەیەکان، لە چەکی ئەتۆمی و بایەلۆژی و کیمیایی و وێرانکەرو یاساغکراو!!! لە دیدی خەڵکی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی جیهانەوە، هەنگاوێکی ئیجابی و جێگای رامانێکی ئەرێنییە. تەنانەت خاوبوونەوەی هەر گرژییەک و لاچوونی سایە و هەرەشەی شەری وڵاتانی زلهێزو ناوچەیی، لە روانگەی دنیای شارستانی ژێر هەرەشەی جەنگدا، قابیلی پیشوازییەو هەنگاوێک دورکەوتنەوەیە لە وێرانکاریی... لەو راونگەیشەوە ڕێکەوتنی نیوان ئەمریکاو کۆریای باکور،" ئەگەر بەکردەوە دەربێت" بەو هۆیەوە لاچوونی مەترسیەکی گەورەیە لەسەر دنیا، و بەرگرتنە بەئەگەری جەنگێکی خوێناوی ویرانکەر، قابیلی پێشوازییە. سەرباری ئەو ڕێکەوتننامەیە،

بۆ لاپەرە ١١